# پەیوەندییە سیاسی و سەربازییەکانی نێوان میرنشینی زیدی و میرنشینە فارسییەکان لە ماوەی نێوان ساڵانی(٢٥٠-٣١٦ک/٨٦٤-٩٢٨ز)دا (توێژینەوەیەکی مێژویی شیکارییە)

**مریوان عبدالرزاق صالح[1] ، کامران عزیز عبدلله[2]**

[١]خوێندنگەی ئەردەلانی بنەڕەتی کوران، بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کۆیە، وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

[٢]بەشی مێژوو، فاکڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە:**

لەسەرەتای دەسەڵاتداریەتی میرنشینی تاهیری لە ناوچەی خراسان لە سەردەمی فەرمانڕوایی خیلافەی عەبباسیدا، بەمەبەستی فراوانکردنی سنوری دەسەڵاتیان بۆ ناوچەکانی طبرستان و جرجان، لە بەرامبەر خەڵکی ئەم ناوچانەدا سیاسەتێکی ستەمکارانەیان پەیڕەوکرد، ئەم سیاسەتەش بە پشتگیری خیلافەتی عەبباسی بو، لەبەرئەوەی تاهیرییەکان بونە پارێزەری ناوچەکانی ڕۆژهەڵات لەدژی هەر بزوتنەوەیەک، کە لەدەرەوەی ویستی خیلافەت دامەزران، ئەم سیاسەتە دامەزراندنی میرنشینی زیدی لێکەوتەوە، ڕۆڵێکی گرنگی لە ڕوداوە سیاسی وسەربازییەکانی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی بینی، پەیوەندی و بەریەککەوتنی لەگەڵ میرنشینە فارسییە سونیەکانی هاوسەردەمی خۆی هەبو، کە لەم توێژینەوەیەدا ئاماژەمان پێداوە، لە ئەنجامدا بوە هۆی سەرهەڵدانی کێشە و ململانێی سیاسی و سەربازی لە نێوان هەردولایان دا، تاکو کۆتایی هاتنی میرنشینی تاهیری.

ئەم پەیوەندییە شەڕانگێزییە لە نێوان میرنشینی زیدی و میرنشینە فارسییەکان لەسەردەمی فەرمانڕەوایی میرنشینی صفاری بەردەوام بو، ویستی فراوانخوازی صفارییەکان ودورخستنەوەی زیدییەکان لە سنوری دەسەڵاتیان بەشێک بو لە ناکۆکییە سیاسی و سەربازیەکانی نێوانیان، سەرەڕای ئەمانەش هۆکارێکی تری گرنگ، ویستی بەدەستهێنانی شەرعیەتی فەرمانڕەوایی خیلافەتی عەبباسی بو بۆ ناوچەکانی ڕۆژهەڵات لەلایەن صفاریەکانەوە، ئەم پەیوەندیە لەسەر هەمان ئاراستەی سیاسی سەربازی لە سەردەمی میرنشینی سامانی دا بەردەوام بو کە بریتی بو لە بەکارهێنانی سیاسەتێکی توندوتیژ لەبەرامبەر زیدییەکان، توانیان بۆ ماوەیەک دەست بەسەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەم میرنشینەدا بگرن و ڕاستەوخۆ فەرمانڕەوایی بکەن، بەڵام بەهۆی کێشەو ململانێی ناوەخۆیی میرنشینی سامانی، زیدییەکان توانیان دەست بەسەر ناوچەی طبرستاندا بگرنەوە، لەگەڵ ئەمانەشدا پێویستە ڕۆڵی خیلافەتی عەبباسی لەبەرچاوبگیرێت لە پشتگیریکردنی میرنشینە فارسییە سونییەکان لە دژی میرنشینی زیدی عەلەوی،

که ئەمەش هۆکارێکی گرنگ بو، بەهۆی جیاوازی ڕێبازی ئاینییەوە لەگەڵ میرنشینی زیدی، بەهۆی ئەم هاوکارییەی خیلافەت، سامانیەکان توانیان لەڕێگەی هاوکاریکردنی نەیارەکانی ئەم میرنشینەوە لە ساڵی (٣١٦ک/٩٢٨ز) دەسەڵاتی ئەم میرنشینە کۆتایی پێبهێنن لە ناوچەی طبرستان.

سروشتی توێژینەوەکە وادەخوازێت بەسەر سێ تەوەرەدا دابەشبوە، لە تەوەرەی یەکەم دا، باسمان لە پەیوەندی نێوان میرنشینی زیدی و میرنشینی تاهیری کردوە، لەگەڵ ناساندی میرنشینی زیدی وەک میرنشینێکی جیاواز لە ڕوی ڕێبازی ئاینیەوە لە ناوچەی طبرستان و ڕونکردنەوەی پەیوەندی سیاسی و سەربازی نێوانیان.

لەتەوەرەی دوەمی ئەم توێژینەوەیەدا، پەیوەندی نێوان میرنشینی زیدی ومیرنشینی صفاری ڕونکراوەتەوە ئەم پەیوەندیەی نێوانیان ڕوداوی جیاوازی سیاسی و سەربازی بەخۆوە بینی لەڕوی شەڕ و ئاشتی دا.

تەوەرەی سێیەم، لەم تەوەرەیەدا پەیوەندی نێوان میرنشینی زیدی و میرنشینی سامانی شیکاری بۆ کراوە، کە پەیوەندییەکی دوژمنایەتی بو لەنێوان هەردولادا، بەهۆی ویستی فراوانخوازی لە نێوانیان، لەلایەکی ترەوە جیاوازی ڕێبازی ئاینی لەکێشە و ململانێی سیاسی و سەربازی بەدەرنەبو.

## کلیله وشەکان:

زیدی، تاهیری، صفاری، سامانی.

## Article Info:

**DOI:** 10.26750/Vol(9).No(2).Paper9
**Received:** 26-July-2021
**Accepted:** 05-September-2021
**Published:** 29-March-2022
**Corresponding Author's E-mail:**
Marewan.shilay@gmail.com
kamaran.aziz@koyauniversity.org
**Copyright**©2022 Journal of Raparin University.

## پێشەکی:

ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی، بەدرێژایی ماوەی فەرمانڕەوایی موسڵمانان ناوچەیەکی گرنگ و ستراتیجی بو، بۆیە ئەم ناوچەیە کاریگەریی بەسەر ڕوداوە سیاسی وسەربازییەکانەوە هەبو، بەتایبەتی لەسەردەمی دەسەڵاتداریەتی ئومەوی پاشان بانگەوازی بنەماڵەی عەبباسی لەو ناوچەیەدا، لەئاکامدا دامەزراندنی خیلافەتی عەبباسی لەساڵی (١٣٢ك/٧٤٩ز) لێکەوتەوە، کۆتایی بەخیلافەتی ئومەوی هێنرا.

فەرمانڕەوایی عەبباسییەکان لەسەرەتای دامەزراندنیەوە بەهۆی کێشەو ململانێی ناوەخۆیی دیاردەی جوداخوازی لە جەستەی دەرکەوت، لەئەنجامدا چەندین قەوارەی سیاسی سەربەخۆ و نیمچە سەربەخۆی لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا تێدا دامەزرا، بەتایبەتی لەناوچە دورە دەستەکانی ڕۆژهەڵاتی خیلافەتی عەبباسی کە بوە هۆی دەرکەوتنی چەندین میرنشینی فارسی و نافارسی.

ئەم دیاردەیە بوە هۆی سەرەنج ڕاکێشانی مێژونوسان و چەندین پەرتوک و توێژینەوەی جۆراوجۆر و بابەتی زانستی جیاوازیان لەسەر ڕوداوە سیاسی و سەربازییەکانی ڕۆژهەڵات بڵاوکردۆتەوە، لەم ڕوانگەیەوە ئێمە بە پێویستمان زانی بابەتێک بەناونیشانی (پەیوەندییە سیاسی و سەربازییەکانی میرنشینی زیدی و میرنشینە نافارسییەکان لەماوەی نێوان ساڵانی (٢٥٠-٣١٦ك /٨٦٤-٩٢٨ز)دا (توێژینەوەیەکی مێژویی شیکاریە) هەڵبژێرین بۆ توێژینەوە.

لەم توێژینەوەیەدا، تەنها باس لەپەیوەندی میرنشینی زیدی لەگەڵ میرنشینە سونییە فارسییەکان دەکەین.

هۆکاری دەستنیشانکردنی ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ: حەز و ئارەزوی توێژەر بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕوداوە مێژویەکانی سەردەمی میرنشینی زیدی و میرنشینە فارسییەکان لەڕۆژهەڵاتی ئیسلامی، هەروەها نەبونی هیچ توێژینەوەیەک لەسەر ئەم بابەتە، هۆکاریکی تری سەرنجڕاکێش بو بۆ دەستنیشانکردنی ئەم ناونیشانە.

گرنگی ئەم توێژینەوەیە بۆ ڕونکردنەوەی شێوازی پەیوەندی ئەم میرنشینە فارسیانەیە لەگەڵ میرنشینی زیدی، هەروەها بونی گرنگی ئەم میرنشینانە بۆ خیلافەتی عەبباسی لە ناوچەی ڕۆژهەڵات، لەڕوبەڕوبونەوەی نەیارەکانی خیلافەت و بەڕێوەبردنی لەڕوی کارگێڕی وپاراستنی هێمنی و ئارامی لەڕۆژهەڵاتدا.

کێشەکانی بەردەم ئەم توێژینەوەیە: دەستنەکەوتنی سەرچاوە فارسییەکان بو لەماوەی نوسینی ئەم توێژینەوەیەدا، بە بەراورد بەسەرچاوە عەرەبییەکان، هەروەها وەرگێڕانی ئەو سەرچاوانە بۆ سەر زمانی کوردی ئاستەنگێکی تری بەردەم ئەم توێژینەوەیە بو.

لەم توێژینەوەیەدا، مێتۆدی شیکاری مێژویی بۆ ڕوداوەکان بەکارهێنراوە، ئەم توێژینەوەیە پێکهاتوە لە دەروازە و سێ تەوەرە، لێرەدا بەکورتی دەیان خەینەڕو:-

تەوەرەی یەکەم: لەم تەوەرەیەدا باسمان لەپەیوەندی نێوان میرنشینی زیدی و میرنشینی تاهیری کردوە، شێوازی هەڵسوکەوتی تاهیرییەکان لەگەڵ خەڵکی ناوچەکەو پاشان لەگەڵ میرنشینی زیدی لە ناوچەی طبرستان بەهاوکاری خیلافەتی عەبباسی لە دژیایەتیکرنی زیدی لەڕوی سیاسی وسەربازییەوە ئاماژەی پێدراوە.

تەوەرەی دوەم: لە تەوەرەی دوەمی ئەم توێژینەوەیەدا، پەیوەندی نێوان میرنشینی زیدی و میرنشینی صفاری ڕونکراوەتەوە، کە پەیوەندی نێوانیان چەند قۆناغێکی جیاواز لەڕوی سیاسی و سەربازی لەڕوی شەڕ و ئاشتی بەخۆەبینی.

تەوەرەی سێیەم: لەم تەوەرەیەدا، پەیوەندی نێوان میرنشینی زیدی و میرنشینی سامانی شیکاری بۆکراوە، کە پەیوەندییەکی دوژمنایەتی بو لە نێوان هەردولادا، بە هۆکاری ویستی فراوانخوازی لە نێوان هەردو لایەن لەلایەکی ترەوە جیاوازی ڕێبازی ئاینی لەم کێشە و ململانێیە سیاسی و سەربازییەدا بەدەرنەبو.

هەڵسەنگاندنی سەرچاوەکان و ژێدەرەکان.

لەم توێژینەوەیەدا، پشتمان بەستوە بەکۆمەڵێک سەرچاوەی سەرەکی جۆراوجۆر و ژێدەری جیاواز، هەریەکەیان سودو تایبەتمەندی خۆی هەبو، بەڵام لێرەدا باسی ئەو سەرچاوە و ژێدەرانە دەکەین کە زیاتر سودیان بە توێژینەوەکە گەیاندوە.

سەرچاوەکان بەشێوەی جیاواز باسی ڕوداوەکانی سەردەمی میرنشینە فارسییەکانی ڕۆژهەڵاتیان کردوە، هەندێکیان بەشێوەیەکی فراوان و هەندێکی تریان بەشێوەی کورت و پوخت لێکدانەوەیان بۆکردوە، یەکێ لەو سەرچاوە سەرەکیانە پەرتوکی (تأریخ الرسل و الملوک)ی مێژونوس (الطبری،م٣١٠ک/٩٢٢ز) هاوکاتی ڕوداوەکان بوە، بەتایبەتی ڕوداوەکانی سەردەمی میرنشینی تاهیری و صفاری و سامانی و زیدی کە زانیاریەکی زۆری لەسەر ئەم میرنشینانە پێبەخشیوین.

- پەرتوکی (تأریخ طبرستان)ی (اسفندیار،م٦١٣ک/١٢١٦ز) ئەم پەرتوکە بەسەرچاوەیەکی گرنگ وباوەڕپێکراوی فارسی دادەنرێت، بەتایبەتی سەردەمی میرنشینی زیدی و پەیوەندی لەگەڵ میرنشینە فارسییەکانی تاهیری و صفاری وسامانی دا زانیاری بە بەهاو دەگمەنی تۆمارکردوە کە سودێکی زۆری لەم توێژینەوەیەدا بە ئێمە گەیاندوە.
- پەرتوکی (الکامل في التأریخ)ی (ابن الأثیر،م٦٣٠ک/١٢٣٢ز)ە، کە باسی ڕوداوەکانی سەردەمی فەرمانڕەوایی میرنشینەکانی تاهیری وصفاری وسامانی وزیدی کردوە، بۆ باسی ڕوداوەکانی سەردەمی ئەو میرنشینە فارسییانە بەیەکێ لە سەرچاوە گرنگەکان هەژماردەکریت.

لەنوسینی ئەم توێژینەوەیەدا سودێکی زۆرمان لەژێدەرەکان وەرگرتوە، هەرچەندە ئەم زانیاریانە لەسەرچاوە سەرەکییەکان وەرگیراون، بەڵام ئەمە مانای بێ بایەخی ئەم زانیاریانە ناگەیەنێ کەباسیان کردون،

بەڵکو شیکردنەوە و سەرەنج و تێبینیەکانیان سودبەخش بون و گرنگی وتایبەتی خۆیانیان لەپاڵ سەرچاوە سەرەکییەکان هەبو لەم سەرچاوانەش:-

- (عباس اقبال اشتیانی) لە پەرتوکی (تأریخ إیران بعد الاسلام منذ بدایة الدولة التاهیریة حتی نهایة الدولة القاجاریة،٢٠٥-١٣٤٣ه/٨٢٠-١٩٢٥م)، ئەم ژێدەرە سودێکی زۆری پێگەیاندین لەم توێژینەوەیە، لەبەرئەوەی لەم پەرتوکە زانیاری وردو سەرنجڕاکێشی لەسەر پەیوەندی ئەم میرنشینە فارسیانە لەگەڵ میرنشینی زیدی ئاماژەپێداوە.
- لەپەرتوکی (صفحات في تاریخ العباسي) مێژونوس (د.وفاءمحمد علی) زانیاری زۆر و شیکاری زانستیانەی بۆ ڕوداوەکان کردوە، ئیمەش لەم ڕوانگەیەوە سودمان لە ڕاوبۆچونەکانی ئەم مێژونوسە وەرگرتوە.

## تەوەرەی یەکەم - پەیوەندی نێوان میرنشینی زیدی و میرنشینی تاهیری.

سەرەتا بەپێویستی دەزانین، باسێکی کورتی مێژوی سەرهەڵدانی زیدییەکانی بکەین، بۆئەوەی باشتر لەپەیوەندییە سیاسی وسەربازییەکانی نێوانیان تێبگەین لەگەڵ میرنشینە فارسییەکان.

زیدی دەگەڕێنەوە بۆ زیدی کوڕی علی کوڕی حوسینی کوڕی علی کوڕی أبی طالب (الشهرستانی،١٩٦٨، ١: ١٥٤)، لەساڵی (١٢٢ک/٧٣٩ز) لەسەردەمی هشامی کوڕی عبدلملیک (١٠٥-١٢٥ک/٧٢٣-٧٤٢ز)، بزوتنەوەیەکی لەناوچەی کوفە بەرپاکرد، خەلیفە لەشکرێکی ئامادەکردو ڕوبەڕوی بۆوە لە ئاکامی شەڕێکدا لە نێوان هەردولادا توانی بیکوژێت (ابن خلدون،٤،٢٠٠٠: ٦)، بەو کۆمەڵە کەسەی پاڵپشتیان کرد و لەگەڵی دەرچون پێیان گوترا زیدییەکان (مسعودی،٣،٢٠٠٥: ١٧١-١٧٢)، دوای کوشتنی زید یحیی کوڕی بەرەو ناوچەی جرجان هەڵات، لەو ناوچەیەدا خەڵکێکی زۆرپشتگیریان کرد و شوێنی کەوتن، بەڵام لەساڵی (١٢٦ک/٣٧٤ز)، خەلیفە ولید کوڕی یەزید (١٢٥-١٢٦ک/٧٤٢-٧٤٣ز) لەڕێگەی والی خراسان نصری کوڕی سیارەوە (١٢٠ک/٧٣٧ز) ڕوبەڕوی بۆوە لەئاکامی شەڕێکدا لە نێوان هەردو لایان توانی بیکوژێت (الیعقوبی،١٨٨٣، ٢: ٣٩٢؛ ابن کثیر،١٠،١٩٩٠: ٥-٦؛ التمیمی،٢٠١٠: ٢١٨).

کوژرانی ئەم دو کەسایەتیە لەلایەن بنەماڵەی ئومەوییەکان کاریگەریی گەورەی لەسەر هەست وسۆزو دەرونی خەڵک هەبو بەتایبەتی لە ناوچەی خراسان بانگەوازخوازەکانی شیعە کەوتنە بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕیان و ئەو ستەمەی لەلایەن ئومەوییەکان لە بنەماڵەی پیغەمبەر(د.خ) دەکرا، ئەمەش بوە هۆی پشتگیریکردنی خەڵکی ڕۆژهەڵات بەشێوەیەک هیچ شوێنیک نەبو کە باسی ئەم سیاسەتە توندوتیژەی ئومەوی تێدا نەکرێت (الیعقوبی،١٨٨٣، ٢: ٣٩١-٣٩٢ ؛ التمیمی،٢٠١٠: ٢١٨)، وەڵامدانەوەی خەڵکی ڕۆژهەڵات بۆ عەلەوییەکان[1] بەشێوەیەک بو، لەو ساڵەی یحیی کوڕی زیدی تێدا کوژرا هەر منداڵێک لەدایکبوایە ناویان لێدەنا زەید یا خود یحیی (مسعودی،٣،٢٠٠٥: ١٧٧)، ئەمەش ئاماژەبو بۆ ئەو هاوسۆزی وپاڵپشتیەی خەڵکی ناوچەکە بۆ ئەو ڕێبازە.

بارودۆخی عەلەوییەکان لەسەردەمی عەبباسیدا، باشترنەبو بەبەراورد بە سەردەمی ئومەوییەکان وهەمان سیاسەتیان پەیڕەو کرد، لەساڵی(١٤٥ک/٧٦٢ز)، لەسەردەمی خەلیفە ابو جعفری کوڕی منصور(١٣٧–١٥٨ک/٧٥٣–٧٧٤) محمدی کوڕی عبدالله کوڕی حسن کەسایەتییەکی ئاینی دیاری بنەماڵەی عەلەوی بو بزوتنەوەیەکی دژی عەبباسییەکان بەرپاکرد، دوای ڕکابەرایەتیەکی زۆر و خۆشاردنەوەی بۆماوەیەک لەشاری مەدینە دەرکەوت و ڕوبەڕوی لەشکری خەلیفە بۆوە، بەڵام ئەم بزوتنەوەیەش هاوشێوەی بزوتنەوەکانی پێشخۆی سەرکەوتو نەبو، بەهۆی بەهێزی خیلافەتی عەبباسی لەڕوی سیاسی و سەربازییەوە لەو سەردەمەدا، لەئاکامدا شکستی هێناو محمدیش کوژرا (الیعقوبی، ١٨٨٣،٢: ٤٥٣،٤٥٠ ؛ ابن لاثیر،١٩٨٧،٥: ١٤٧؛ابن کثیر،١٠، ١٩٩٠: ٨٦،٨٩)، عەلەوییەکان کۆڵیان نەدا لەدژی ئەو سیاسەتەی بەرامبەریان پەیڕەکرا، بۆیە لەهەمان ساڵدا ئیبراهیمی برای بزوتنەوەیەکی ڕاگەیاندو دەستی بەسەر بەسرە و أهواز و فارس داگرت، دوای شەڕێکی سەخت لەنێوان هەردولادا بەهەمان شێوەی محەمەدی برای شکستی هێناو لە شەڕەکەدا کوژرا (مسکویە،١٠٧،١٠٤:٣،٣،٢٠٠٣؛ ابن کثیر،١٠، ١٩٩٠: ٩٣–٩٤)، بەردەوامبونی ئەو پاڵەپەستۆیە سیاسی و سەربازیەیی لەدژی عەلەوییەکان لە سەردەمی خیلافەتی ئومەوی و پاشان عەبباسی وایکرد، بانگەوازکارانی عەلەوی بڵاوببنەوە بە خانەی ئیسلامیدا، بۆ ناوچەکانی دور لەپایتەختی خیلافەتی عەبباسی بەمەبەستی خۆپاراستن لە توندوتیژی ودەست گیرکردنیان، ئەو ناوچانەیان کردە بنکەو پێگەی خۆیان، دوای کوژرانی محمد و إبراهیم برایەکانی تری هەریەکە بەرەو ناوچەیەکی دەوروبەر ئاوارەبون، إدریس کوڕی عبدالله بەرەو مەغریب هەڵات (مسعوی،٣،٢٠٠٥: ٢٤٦؛ الجاف،٢،٢٠٠٨:،٦٩) هەروەها یحیی برای بەرەو ناوچەی دیلم ڕۆیشت (الطبری،١٩٧٩،٨ :٢٤٢؛ابن خلدون،٤،٢٠٠٠: ١١؛ رمضان،١٩٧٧: ٢٠١–٢٠٢؛ زیدان، د.ت، ٢: ٤٣٢).

کاتێک تاهیرییەکان لەساڵی(٢٠٥ک/٨٢٠ز) فەرمانڕەوای خۆیان بەسەر خراسان ڕاگەیاند، ناوچەی طبرستان[٢] لەڕوی کارگێڕییەوە بو بەبەشێک لە میرنشینی تاهیری، لەبەرئەوەی هاوپەیمانێکی گوێرایەڵی خیلافەتی عەبباسی بون سیاسەتێکی توندوتیژیان پەیڕەوکرد، لە دژی هەر بزوتنەوەیەک یاخود کەسایەتیەک کە لەدژی خیلافەتی عەبباسی سەریانهەڵدا، تاهیرییەکان لە ماوەی فەرمانرەوایی کردنی ناوچەی طبرستان سیاسەتێکی توندوتیژ و ستەمکارانەیان پەیڕەوکرد، لەڕێگەی نوێنەرەکەیانە و لەبەرامبەر خەڵکی ناوچەکەدا (ابن الفقیە،١٩٩٦: ٥٧٦؛ بول،١٩٢٧: ٢٥٨؛ بیرنیا و أقبال،١٤٢٢: ١١٤)، بەتایبەتی لەکۆکردنەوەی باج کەساڵانە سێجار لە خەڵکی ناوچەکە وەردەگیرا (الراوندی،١٢،١٤٢٤: ١٠١ ؛اشتیانی، ١٩٨٩: ١٩)، ئەم سیاسەتە وای لەخەڵکی ناوچەی طبرستان کرد موڵک وماڵیان بفرۆشن ناوچەکە جێبهێڵن (اسفندیار،٢٠٠٢ :٢٢٦–٢٢٧؛عدوان،١٩٩٠: ٧٨)، ئەوانەی مانەوە لەژێر سایەی ئەم سیاسەتەدا چاوەڕێی دەرفەتێکیان دەکرد بۆ ڕزگاربون لەستەمی تاهیرییەکان.

ئەم سیاسەتە لەسەردەمی فەرمانڕەوایی محمدی کوڕی أوسی والی تاهیری، تەنها ناوچەی طبرستانی نەگرتەوە، بەڵکو هێرشی بردە سەر ناوچەی دیلم و خەڵکێکی زۆری ئەم ناوچەیان کوشت، ئافرەتەکانی کردە کەنیزەک ودەست بە سەریانکردن، بۆیە خەڵکی ئەم ناوچەیە بەڵێنی هاوکاری و هاوپەیمانیان لەگەڵ یەکتریدا بۆ

ڕوبەڕوبونەوەی فەرمانڕەوایی تاهیرییەکان لە ناوچەی طبرستان (ابن لاثیر،١٩٨٧،٦: ١٥٩؛عدوان،١٩٩٠ :٧٨)، ئەو هێرشەی تاهیرییەکان پەیوەندی بەلایەنی ئاینیەوە هەبو، لەبەرئەوەی تا ئەو کاتە دیلمەکان موسڵمان نەبون(ابن حوقل،١٩٩٢: ٣٢٠؛ الادریسی،٢،٢٠٠٢ :٦٨٧)،

دەکرێت بوترێت، تاهیرییەکان بەپاڵنەری ئایینی ولە چوارچێوەی جیهادا پەلاماری ئەو ناوچانەیان دابێت کە هێشتا موسڵمان نەبون، بەکەنیزککردنی ئافرەتەکانیشیان هەر ئەوەی لێدەخوێندریتەوە.

لەلایەن یحیی کوڕی عبدالله لە ناوچەی طبرستان ئاینی ئیسلام بڵاوکرایەوە لەسەر ڕێبازی زیدی، لەبەرئەوەی بەدرێژایی ماوەی فەرمانڕەوایی ئومەوی و عەبباسی نەیان توانی لەڕێگەی بەکارهێنانی هێزی سەربازیەوە ئاینی ئیسلام لەم ناوچەیە بڵاوبکەنەوە (الجاف،٢،٢٠٠٨: ٧٠؛ السامرائی،٢٠١٥: ٤٤ ؛التمیمی،٢٠١٠: ٢١٨-٢١٩)، سەرەڕای ئەمانەی ئاماژەمان پێدا، بزوتنەوەیەکی تر لەلایەن یەحیی کوڕی عمر کوڕی یحیی کوڕی حوسین لەساڵی(٢٥٠ک/٨٦٤ز)، لەناوچەی کوفە بەرپاکرا، لەدژی عەبباسییەکان بە دروشمی ڕازیبون بەبنەماڵەی پێغەمبەر (د.خ)، خەلیفە مستعین (٢٤٨-٢٥٢ک/٨٦٢-٨٦٦) محمد کوڕی عبدالله تاهیری ڕاسپارد بۆ ڕوبەڕوبونەوەی، لەهەمان ساڵدا دوای شەڕێکی سەخت لە نێوان هەردولادا سەرکردەی ئەم بزوتنەوەیە کوژراو سەری بە دیاری بۆ خەلیفە ناردرا (الطبری،٢٧٠،٢٦٦،٩:١٩٧٦؛ ابن الوردی،١،١٩٦٩: ٣١٦؛شاکر،٦:٥٤،٢٠٠٠؛الخضرییک،٢٠٠٣ :٢٥٨)، هەرچەندە ئەم بزوتنەوەیە سەرکەوتونەبو، بەڵام کاریگەریی گەورەی لەسەر خەڵکی طبرستان هەبو لەبەرئەوەی لەڕوانگەی خەڵکی ناوچەکەوە یحیی کوڕی عمر وەک پێشەوای هەمو زیدییەکان سەیردەکرا، کوژرانیشی لەلایەن کەسایەتیەکی تاهیری لەهەمان بنەماڵە کە لە ڕۆژهەڵات فەرمانڕەوایی ئەوانیان دەکرد، ڕق وکینەی خەڵکی ناوچەکەی دژی دەسەڵاتدارانی بنەماڵەی تاهیری زیاتر کرد لە ناوچەی طبرستان چاوەڕێیی دەرفەتێک بون بۆ تۆ لەکردنەوە (الفقی،١٩٩٩ :٦٠؛ مادیلونغ،١٩٨٧: ١٩؛ عدوان،١٩٩٠: ٧٨)، ئەو ڕوداوەی بارودۆخی ناوچەکەی زیاتر ئاڵۆزکرد، بوە هۆکارێکی سەرەکی بۆ دامەزراندی میرنشینی زیدی لە ناوچەی طبرستان، بە پاداشتکردنی محمد کوڕی عبدالله لەلایەن خەلیفە بەپێدانی ناوچەکانی کلار[٣] و شالوس[٤] لە طبرستان(ابن الدواداری،٥،١٩٨٢ :٢٥١؛ مادیلونغ،١٩٨٧: ١٩؛خلیفە، د.ت: ١٦١)، محمد کوڕی عبدالله هارونی کوڕی جابری بە نوێنەرایەتی خۆی نارد بۆ دەستنیشانکردنی ئەو زەویەی خەلیفە پییدا، بەڵام ئەم نوێنەرە ناوچەیەکی زیاتری دەست بەسەرداگرت لەوەی بۆی دیاریکرابو، لەبەرئەوەی ئەم ناوچەیە موڵکی گشتی بو تایبەت نەبو بەکەسێکی دیاریکراو، بۆ مەبەستی داربڕین و ئاژەڵ بەخێوکردن لەلایەن خەڵکی ناوچەکە بەکاردەهێنرا (الطبری، ١٩٧٩،٩ :٢٧١؛ سعد،٢٠٠٩ :٩٣؛الجاف،٢،٢٠٠٨ :٧١)، بێگومان پەیڕەوکردنی ئەم سیاسەتەش بۆ نەبونی دەسەڵاتێکی سیاسی و سەربازی لەلایەن خەڵکی ناوچەکەوە دەگەڕێتەوە، سەرەڕای ئەمەش بەتوانا و لێهاتویی خۆیان ڕوبەڕوی داگیرکاری تاهیرییەکان بونەوە داوای هاوکاریان لە دیلمەکان کرد بەهۆی ئەو بەڵێن و پەیمانەی کە لەسەری ڕێککەوتبون بۆ ڕوبەڕوبونەوەی والی تاهیرییەکان لەناوچەکە (الطبری،١٩٧٩،٩: ٢٧٢- ٢٧٣؛ ابن الاثیر، ١٩٨٧،٦: ١٥٩).

دەگونجێت بەو سیاسەتەی بەرامبەر دانیشتوانی ناوچەکە پەیڕەویان کرد، هۆکارێک بوبێت بۆ ناڕەزایی وتوڕەیی خەڵک، لەلایەکی ترەوە جیاوازی ڕێبازی ئاینی کاریگەریی گەورەی لە جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتە لە نێوان هەردولادا هەبو، لەگەڵ ئەمەشدا شێوازی دەسەڵاتداریەتی تاهیرییەکان لەناوچەی طبرستان بەشێوەی نوێنەرایەتی کردن هەڵەیەکی گەورەتربو، لەبەرئەوەی ئەم کەسایەتییە سیاسەتێکی دادپەروەرانەیان لەناوچەکەدا پەیڕەونەکرد، بەڵکو لەپێناو بەرژەوەندی دەسەڵاتداریەتی خۆی خەڵکی ناوچەکەی لەڕوی ئابوریەوە چەوساندەوە، سەرەڕای ئەمەش بەهەمان شێوە فەرمانڕەوای تاهیرییەکان لە بەغدا، نوێنەرێکی خۆی نارد بۆ دیاریکردنی ئەو زەویەی خەلیفە پێیدا، ئەویش بە ئارەزوی خۆی ناوچەکانی کلار و شالوسی دیاریکرد، کە نەدەبو ئەم کارە بکات لەبەر بەرژەوەندی خەڵکی ناوچەکە، بۆیە پێمان وایە ئەم پاداشتکردنە بەدیاری کراوی لە ناوچەی طبرستان لەلایەن خەلیفەوە پشتگیریکردن بو لە سیاسەتی تاهیرییەکان لە ناوچەکەدا، چونکە ئەو ناوچەیە بوە بنکەو پێگەی هەڵاتوانی عەلەوی و بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕیان، لەلایەکی ترەوە پتەوکردنی ڕۆڵ وپێگەی تاهیرییەکان بو لە ناوچەکەدا، بۆ ئەوەی بیانکاتە خاوەن بەرژەوەندی ئابوری تاکو دەستگرتوبن بەناوچەی طبرستان و ڕێگەبە هیچ دەسەڵاتێک نەدەن لە ناوچەکە سەرهەڵبدات.

بەشێک لە خەڵکی طبرستان بەهاوکاری دیلمەکان ڕێککەوتن کەسایەتیەکی عەلەوی دیاریبکەن بۆ پێشەوایەتی کردنی دەسەڵاتداریەتیان لەناوچەکەدا، بۆ ئەم مەبەستە پەیوەندیان بە عەلەوییەکانی ناوچەکەوە کرد، بەڵام ئەو یەکێکی تری بە شایستەتر زانی لە خۆی بۆ ڕابەرایەتی کردنی خەڵکی ناوچەکە و ئاماژەی بە کەسایەتیەک کرد لە ناوچەی ری بە ناوی حسنی کوڕی زیدی کوڕی محمد کوڕی إسماعیل (ابن الندیم، د.ت: ٢٧٤؛مسکویه،٢٠٠٣،٤: ١٥٧؛ابن الجوزی،١٩٩٢،١٢: ٣٤؛السامرائی،٢٠١٠: ٤٧)، نازناوی بانگخوازی گەورەبو (الجوینی،١٤٢٧،٣: ٣٠٧–٣٠٨؛اشتیانی،١٩٨٧ :٢٠)، دوای ڕازیبونی حسنی زید لەسەر پێشەوایەتی کردنی خەڵکی ناوچەکە لەساڵی (٢٥٠ك/٨٦٤ز)، گەیشتە طبرستان وخەڵکی ناوچەکە گوێڕایەڵی و پشتگیری خۆیان بۆ دەربڕی (الاصفهانی، د.ت: ١٨١؛ حمدالله المستوفی القزوینی، ١٤٠٦،١: ٣٢٦).

ئەم هەڵوێستەی خەڵکی طبرستان و دیلم بۆ دەربڕینی گوێڕایەڵی و پشتگیریکردنی کەسایەتی حسنی کوڕی زید عەلەوی بۆ دژایەتیکردنی دەسەڵاتی تاهیرییەکان بو لەڕوی ئابوری و ئاینی وسەربازی، لەلایەکی ترەوە شێوازی هەڵبژاردنەکە پێچەوانەی سیاسەتی خۆسەپاندنی تاهیرییەکان بو بەسەر خەڵکی طبرستان، دوای ڕاویژکردن خەڵک ڕایان سپارد بەپێشەوایەتی کردنیان، ئەمەش لەگەڵ سیستەمی فەرمانڕەوایی ئیسلامیدا یەکانگیرە (إبن الکازرونی،١٩٨٦،٢: ١٩١؛ بارتولد،١٩٨١: ٣٣٨).

هۆکارێکی تری گرنگ هەبو، بە پێویستی دەزانین ئاماژەی پێبکەین، ئەویش ڕۆڵی گرنگ و کاریگەری بانگەوازکارەکانی عەلەوی بو لە ئامادەکردنی بارودۆخی سیاسی و ئاینی ناوچەی طبرستان، بۆ دامەزراندنی میرنشینەکە، ئەم بانگەوازکارانە بەردەوام کاریان لەسەر وشیارکردنەوەی خەڵکی ناوچەکە دەکرد لەو ستەمەی لە بنەماڵەی عەلەوی دەکرا، لەلایەکی ترەوە هەوڵی ئەم بانگەوازکارانە، شێوازێکی تر بو لەو کێشە وململانێیە کە لە

نێوان بنەماڵەی عەلەوی و عەبباسیدا هەبو لەسەر پۆستی خیلافەتی عەبباسی، واتە دامەزراندنی میرنشینی زیدی بەرهەمی هەوڵ و کۆششی بانگەوازکارەکانی عەلەوی بو بۆ دژایەتیکردنی دەسەڵاتی تاهیرییەکان، لەهەمان کاتدا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دژایەتیکردنی خیلافەنی عەبباسی بو، لەبەرئەوەی تاهیرییەکان نوێنەرایەتی خیلافەتی عەبباسیان دەکرد، لە فەرمانڕەوایی کردنی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی، بۆیە دژایەتی کردنی دەسەڵاتداریەتی تاهیرییەکان لە ناوچەی طبرستان بە واتای دژایەتیکردنی خیلافەتی عەبباسی بو.

دوای ئەم ڕوداوە هاوسەنگی هێز لەناوچەکەدا گۆڕانکاری بە سەرداهات لە ناوچەکە دوای ئەوەی خەڵکی کلار و شالوس و رویان [٥]کۆک بون لەسەر گوێڕایەڵی حسنی کوڕی زید وهەروەها ڕوبەڕوبونەوەی دەسەڵاتداریەتی سلیمان کوڕی عبدالله والی تاهیرییەکان،خەڵکی ئەم ناوچانە فەرمانڕەواکانی ئەم ناوچانەیان دەرکردو هەڵاتن بۆ لای والی تاهیری(ابن الاثیر،١٩٨٧،٦ :١٥٩؛ سعد،٢٠٠٩ :٩٤)، پشتگیری حسنی کوڕی زید لەلایەن خەڵکی ئەم ناوچانەوە بەردەوام لە فراوانبون دابو، ئەمەش توانای سەربازی حسنی کوڕی زیدی زیاتر بە هێزترکرد، بۆیە لەساڵی(٢٥٠ک/٧٦٤ز)، بە پاڵپشتی خەڵکی ئەم ناوچانە سەرکردایەتی لەشکرێکی کردو هێرشی بردە سەر شاری امل[٦] داگیرکرد (اسفندیار،٢٠٠٢:٢٣٤؛ ابن الجوزی،١٩٩٢،١٢:٣٥؛الدواداری،١٩٨٢،٥:٢٥٢؛ مادیلونغ،١٩٨٧ :٢٠؛ خلف،٢٠١٤:١٣٧)، ئەم ململانێیە سەربازییە لەنێوان هەردولایەن بەردەوام بو، دەیلەمەکان لە نێوان خۆیاندا لەپشتگیری کردنی حسنی کوڕی زید یەکگرتو نەبون، لەبەرئەوەی دوای دەست بەسەر داگرتنی شاری امل بەدەسکەوتێکی زۆر دیلەمەکان گەڕانەوە ناوچەکانیان و پشتی میری زیدیان بەردا، ئەمەش بوە هۆی لاوازبونی توانای سەربازی میری زیدی، بەناچاری ناوچەکانی ساریە و أملی جێهێشت بەرەو شالوس گەڕایەوە، تاهیرییەکان سودیان لەم هەلۆیستە بینی و جارێکی تر دەستیان بەسەر ئەم ناوچایەدا گرتەوە (اسفندیار،٢٠٠٢: ٢٣٨)، یەکێ لە هۆکارە سەرەکییەکانی سەرکەوتنی میری زیدی دیلمەکان بون، بۆیە تاهیرییەکان هەوڵیاندا سود لەم لایەنە وەربگرن، بەشێوەیەکی نهێنی پەیوەندیان بەخورشیدی پاشای دەیلەم کرد، داوایان لێکرد هاوکاری میری زیدی نەکات، لەبەرامبەر پێدانی سەروەت و سامانێکی زۆر لە دراو زێڕ وجل وبەرگ، بەڵام ئەم هەوڵە سەرکەوتو نەبو جارێکی تر دەیلەمەکان بەڵێنی دڵسۆزی و گوێڕایەڵی و هاوکاریان بۆ سەرخستنی میری زیدی ڕاگەیاند (اسفندیار،٢٠٠٢ : ٢٤٠)، ئەمەش وایکرد ژمارەیەکی زۆر لە زیدیی ناوچەکانی تر پەیوەندیان بەمیری زەید کرد، ئەمەش بوە هاندەرێکی بەهێز بۆ ڕزگارکردنی شاری ساریە[٧] کە لەژێر دەسەڵاتی تاهیرییەکان دا بو، لەئاکامدا لە دەرەوەی شاری ساریە لە شەڕێکی سەخت لە نێوان هەردولادا ڕویدا لەشکری تاهیرییەکان شکستیان هێناو هەمو ئەو سەروەت وسامانەی کۆی کردبۆوە، تەنانەت ماڵ ومنداڵیشی جێهێشت وهەڵات بۆناوچەی جرجان (اسفندیار،٢٠٠٢: ٢٤١؛ ابن کثیر، ١٩٩١،١١: ٦؛ علی، ١٩٨٩: ١٤٠).

بەلێکدانەوەی ڕوداوەکان وادەردەکەوێت، ئەم سەرکەوتنە یەک بەدوایەکانەی حسن کوڕی زید بەدەستی هێنا، جگە لە پاڵپشتی خەڵکی ناوچەکە سودوەرگرتن بولە لاوازی دەسەڵاتی تاهیرییەکان، لەبەرئەوەی لەم ماوەیەدا میرنشینەکە لەلایەن محمدی کوڕی تاهیر فەرمانڕەوایی دەکرا، ئەم میرە کەسایەتیەکی لاوازبو، سەرقاڵی گرنگی دان

بو بە ژیانی تایبەتی خۆی (الخوارزمی،٢٠١٨: ٨٣)، لە هەمان کاتدا، یەعقوبی سەفاری وەک کەسایەتیەکی بەتوانا و لێهاتو لە بواری سیاسی و سەربازی لە ناوچەی سجستان دەرکەوت و دەستی کرد بە فراوانخوازی لەسەر ناوچەکانی میرنشینی تاهیری، ئەم بارودۆخە دەرفەتێکی گونجاو بو بۆ ڕزگاربونی خەڵکی دیلم و طبرستان لە ستەم و نادادپەروەری تاهیرییەکان بە پێشەوایەتی حسنی کوڕی زیدی عەلەوی.

هەندێک لە سەرچاوەکان شکستی والی تاهیرییەکان لەناوچەی ساریە بۆ ئەوە دەگەڕێنەوە، کە نوێنەرەکەیان باوەڕی هێناوە بە ڕێبازی شیعی (اسفندیار،٢٠٠٢: ٢٤١؛ابن الاثیر،١٩٨٧،٦: ١٦٠؛ابن خلدون،٢٠٠٠، ٣٠:٤ ؛ عدوان،١٩٩٠: ٨١ ).

بە تێڕوانین لەم بابەتە وادەردەکەوێت ئەمە هۆکاری سەرەکی نەبێت، بە بەڵگەی ئەوەی لەماوەی دەسەڵاتداریەتی والی تاهیری لە ناوچەی طبرستان سیاسەتێکی توندو تیژی پەیرەوکرد، لەلایەکی تریشەوە بونی پەیوەندی پتەوی بنەماڵەی تاهری لەگەڵ خیلافەتی عەبباسی پێچەوانەی ئەم بۆ چونەیە، سەرەڕای ئەوەی بنەماڵەی تاهیری ڕۆڵێکی گرنگیان لەسەرکوتکردنی بزوتنەوەی عەلەوییەکان لەناوچەی ڕۆژهەلات و تەنانەت لەناو بەغدای پایتەختی خیلافەتی عەبباسی لە ماوەی فەرمانڕەویاندا بینی هەروەک لەپێشو ئاماژەمان پێدا.

بەدەست بە سەرداگرتنی شاری ساریە ناوچەی طبرستان بەتەوای کەوتە ژێردەسەڵاتی میری زەید (ابن الجوزی،١٢،١٩٩٢: ١٥٩)، ئەم ناوچەیە لەماوەی فەرمانڕەوایی زیدییەکان بوە شوێنێکی پارێزراو بۆ عەلەوییەکان، لەناوچەکانی حیجاز، شام وعیراق رویان کردە طبرستان(اسفندیار،٢٠٠٢:٢٤٦؛ طقوش، ٢٠٠٩: ١٨٠؛ اشتیانی،١٩٨٩: ٢٠)، بەگەیشتنی ئەم ژمارە زۆرە لە عەلەوییەکان دەسەڵاتی سیاسی و سەربازی میری زەید بەردەوام لە پەرەسەندن دابو، ئەمەش بوە هاندەرێک بۆ ئەوەی سنوری دەسەڵاتی خۆی فراوانتر بکات، بۆیە لەهەمان ساڵدا بە لەشکرێکەوە هێرشی بردە سەر ناوچەی ری و دەستی بەسەرداگرت و فەرمانڕەوای خۆیانی لێ جێگیرکرد (الطبری،٩،١٩٧٩: ٢٧٥؛ ابن الجوزی،١٢،١٩٩٢: ١٥٩؛ الزرکلی،٢،١٩٨٦: ١٩١؛ بول، ١٩٢٧: ٢٥٨).

بەم هەنگاوانەی میری زیدی گرتیەبەر لە دژی فەرمانڕەوایی تاهیری توانی دەسەڵاتێکی سیاسی و سەربازی سەربەخۆ دابمەزرێنێت، کە جیاواز بو لەڕوی ڕێبازی ئاینی لە میرنشینی تاهیری و خیلافەتی عەبباسی، بۆیە لەساڵی(٢٥٤ک/٨٦٨ز)، لە شاری أمل دراوی تایبەت بە خۆیانی لێدا (یوسف،٤١،٢٠٠٦-٤٢؛ بول،١٩٦٨: ١٢٤)، بارودۆخی سیاسی وسەربازی ناوچەی طبرستان هێمنی وئارامی بەخۆوە نەبینی، بەهۆی ئەو ململانێ سیاسی و سەربازییەی لەگەڵ تاهیرییەکان لە ئارادابو ناوچەکە ئارامی بەخۆوە نەبینی، لەبەرئەوەی هەر دەرفەتێک ڕەخسابێت هێرشیان بردۆتە سەر ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی یەکتری بۆ دەست بە سەرداگرتنەوەی، کاتێ خەڵکی ری نارەزایان لە هەڵسوکەوتی فەرمانڕەواکەیان دەربڕی، میری تاهیر ئەم نارەزایەی بەدەرفەتزانی و لەشکرێکی نارد بۆ دەست بە سەرداگرتنەوەی، لەئەنجامی شەرێک لەنێوان هەردولادا تاهیرییەکان توانیان جارێکی تر دەست بەسەر ری دابگرنەوە (الاصفهانی،٦١٥:١٩٤٩ ؛ حمدالله المستوفی القزوینی القزوینی،١،١٤٠٦: ٣٢٦؛ ؛ علی، ١٩٨٩: ١٤١)، بەڵام فەرمانڕەوایی تاهیرییەکان زۆری نەخایاند لە ناوچەکە، بەهۆی بەهێزی توانای سەربازی میری زیدی جارێکی تر لەشکرێکی

ئامادەکردەوە توانی بەسەر سوپای تاهیرییەکان سەرکەوێت دەست بەسەر ناوچەکە دا بگرێتەوە (الطبری،١٩٧٩،٩: ٢٧٥؛ حمدالله المستوفی القزوینی،١٤٠٦،١: ٣٢٦؛ الفقی، ١٩٩٩: ٦٢).

دوای دەست بەسەرداگرتنەوەی ری خیلافەتی عەبباسی بێ هەڵوێست نەبو، چونکە ئەم فراوانخوازیە مەترسی بو بۆ سەر پایتەختی خیلافەتیش، بۆیە وەک کاردانەوەیەک خەلیفە لەشکرێکی نارد بۆ ناوچەی همدان(مسکویە،٢٠٠٣،٤: ١٥٩)، ئەم هەڵوێستەی خەلیفە بۆ مەبەستی ڕێگریکردن بو لە پێشرەویی زیاتر لە دەست بەسەرداگرتنی ناوچەکە، لەلایەکی تریشەوە هاوکاریەک بو بۆ میری تاهیری(ابن تغري بردي، د.ت،٢:٣٣١)، نەبونی دەسەلاتێکی سیاسی و سەربازی بەهێز لەناوچەی خراسان، یارمەتی دەربو بۆ فراوانبونی سنوری دەسەلاتی میری زیدی لەڕۆژهەلات، بۆ یەدوای ناوچەی ری حسنی کوڕی زید هێرشی بردە سەرناوچەی قزوین و دەستی بەسەرداگرت (ابن خلدون،٢٠٠٠،٤: ٣٠؛ الجاف،٢٠٠٨،٢: ٧٢؛ محمود، الشريف، د.ت: ٤٨٤ ).

ئەم فراوانخوازیانەی زیدییەکان لە ناوچەی ڕۆژهەلات جێگەی ڕەزامەندی خیلافەت نەبو، لەلایەن هیزێکی سیاسی و سەربازی جیاواز لەڕوی ڕێبازی ئاینیەوە، لەبەرئەوەی بوە هۆی بچوک بونەوەی سنوری دەسەلاتی خیلافەتی عەبباسی لە ڕۆژهەلات، لەلایەکی ترەوە ئەم ناوچانە بونە شوێنی کۆبونەوەی نەیارانی خیلافەت، سەرەڕای ئەمانەش لە ناوبردنی دەسەلاتی تاهیرییەکان بو لە ناوچەی طبرستان و ری، بۆیە خیلافەت بۆ هاوکاری و پالپشتی تاهیرییەکان وەک هاوپەیمانێکی دڵسۆزی خیلافەت لەساڵی(٢٥٥ک/٨٦٨ز) خەلیفە لەشکرێکی نارد بۆ ڕوبەڕوبونەوەی زیدییەکان، لەئاکامدا شەڕ لەنێوان هەردولایان ڕویدا لەشکری خەلیفە توانی بەسەر میری زیدی سەرکەوێت و دەست بەسەر طبرستان دابگرێت(إبن لاثیر،١٩٨٧، ٦: ٢٠٤– ٢٠٥)، وادەردەکەوێت سەرپەرشتیکردنی خیلافەت لەم شەڕەدا هۆکارێکی گرنگ بو بۆ سەرکەوتن بەسەر زیدییەکان، بەتایبەتی بزواندنی هەست و سۆزو جیاوازی ڕێبازی ئاینی و کاریگەریی لەسەر دەرونی سەربازانی خیلافەت هەبوە بۆ ئەم سەرکەوتنە، میری زیدی هەلات بۆ ناوچەی دیلم، بەلام بەهۆی ئالۆزبونی بارودۆخی بەغدا لەڕوی سیاسیەوە وایکرد ئەم لەشکرە بەردەوام نەبێت لە مانەوەی لەناوچەکە و بگەڕێتەوە بۆ سامراء (ابن الاثیر،١٩٨٧،٦: ٢٠٤–٢٠٥؛ ؛الدواداری،١٩٨٢،٥: ٣٨٢)، دوای جێهێشتنی ناوچەی طبرستان لەلایەن لەشکری خیلافەت میری زیدی جارێکی تر دەستی بەسەر ناوچەکەدا گرتەوە، بۆیە پەیوەندی سیاسی نێوان تاهیرییەکان و زیدییەکان هێمنی و ئارامی بە خۆوە نەبینی، چونکە دوای دەست بەسەر داگرتنەوەی ناوچەکە میری زیدی بە مەبەستی فراوانخوازی زیاتر هێرشی بردە سەر ناوچەی جرجان و دەستی بەسەرداگرت (النویر ی، د.ت، ٢٥: ٤٩ ؛ ابو فیداء، د.ت: ٢: ٤٨؛ الدواداری،١٩٨٢،٥: ٢٥٣؛ اشتیانی،١٩٨٩: ٢١)، فراوانخوازییەکانی لەم سنورەدا نەوەستاند و دەستی بەسەر ناوچەی قومس داگرت(ابن الاثیر،١٩٨٧،٦ :٢٤٤؛ النویری، د.ت: ٢٥: ٤٩)، ئەم شەڕو ململانێیە سەربازیە بەردەوام بو لەنێوان تاهیری و زیدییەکان تاساڵی(٢٥٩/٨٧٢ز)، لەو ساڵەدا یعقوبی صفاری لاوازیی دەسەلاتی تاهیرییەکانی بە دەرفەزانی هێرشی بردە سەر نیسابوری پایتەختی میرنشینی تاهیری دەستی بەسەرداگرت و کۆتایی بە فەرمانڕەوایی میرنشینەکە هێنا(الطبري،١٩٧٩، ٩: ٥٠٧).

کەواتە، پەیوەندی نێوان میرنشینی تاهیری و میرنشینی زیدی لەسەر بنەمای شەڕو ململانێ سەربازی بەڕێوەچو لەم پەیوەندییە ئاڵۆزەشدا لایەنی ئابوری وجیاوازی ڕێبازی ئاینی ڕۆڵێکی سەرەکی هەبو، سەرەڕای بەکارهێنانی سیاسەتی توندوتیژو ستەمکارانە لەلایەن تاهیرییەکانەوە لە ناوچەی طبرستان و دیلم، لە ئاکامی ئەم سیاسەتەشدا دانیشتوانی ناوچەکە پاڵپشتی سەرەکی بون لە دامەزراندنی دەسەڵاتێکی سیاسی و سەربازی زیدی، بۆ ڕوبەڕوبونەوەی فەرمانڕەوایی تاهیرییەکان لە ناوچەکانی طبرستان و دیلم، لەلایەکی ترەوە دەیلەمەکانیش هۆکارێکی سەرەکی بون لە دامەزراندنی میرنشینەکە هەروەها لە فراوانخوازییەکانی لەسەر ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی تاهیرییەکان لەهەمان کاتدا ناوچەکانیشیان پەناگەیەکی ئارام بون بۆ کاتی شکستەکانیان هەروەها دوبارە خۆڕێک خستنەوەیان، بانگەوازکارەکانیش ڕۆلی گرنگیان بینی لە ئامادەکردنی ژینگەی سیاسی وئاینی ناوچەکە بۆ دژایەتی کردنی دەسەڵاتداریەتی تاهیرییەکان، لەئاکامیشدا یەکێ لە بانگەوازکارەکانیش پێشەوایەتی ئەم دەسەڵاتە سیاسی و سەربازیەی گرتەدەست بەناوی حسنی کوڕی زید.

## تەوەرەی دوەم: پەیوەندی نێوان میرنشیی زیدی و میرنشینی صفاری.

پەیوەندی نێوان صفارییەکان و زیدییەکان لە سەردەمی یعقوبی صفاری لەساڵی (٢٥٩ک/٨٧٢ز) دەستیپێکرد، کاتێ دەستی بە سەر نیسابوری پایتەختی میرنشینی تاهیری داگرت (الجوزجاني، ٢٠١٣،١: ٣٣١؛ابوفيداء، د.ت:٤٩:٢؛ خليفه، د.ت: ١٧٤)، ئەم کارەش تورەیی و نارەزایی خەلیفە معتمد(٢٥٦- ٢٧٩ک/٨٦٩-٨٩٢ز)ی لێکەوتەوە، داوای لێکرد نیسابور جێ بهێڵێت وبگەرێتەوە بۆ ئەو ناوچانەی لە پێشو پێیدابو، ئەگینا بە سەرپێچی کار دادەنرێت (الطبري،١٩٧٩،٩: ٥٠٧)، میری صفاری بە مەبەستی ڕاکێشانی سەرەنجی خیلافەت و پێدانی شەرعیەتی فەرمانڕەوایی بۆ ناوچەی خراسان، هێرشی بردە سەر نەیارێکی ڕکابەری خیلافەتی عەبباسی لە ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی دا لەڕوی سیاسی و ڕێبازی ئاینیەوە، بۆ ئەم مەبەستە یەعقوب پێویستی بە بیانوێک بو بۆ دەست پێکردنی ئەم هەنگاوە لە دژی میرنشینی زیدی لە ناوچەی طبرستان، لە ساڵی(٢٥٩ک/٨٧٢ز) عبدالله سجزی ڕکابەری میری صفاری هەڵات بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی میرنشینی زیدی (مجهول،٢٠٠٦: ١٨٣ )، ئەم هەنگاوە دەرفەتێکی گونجاو بو بۆ هێرش بردنە سەر میرنشینەکە، یعقوبی صفاری داوای لە زیدییەکان کرد ئەو ڕکابەرەی ڕادەست بکەن، بەڵام میری زیدی ئەم داوایەی ڕەتیکردەوە (الكرديزي،٢٠٠٦: ٢٠٣؛الجوزجاني،٢٠١٣،١:٣٣٣؛النويري، د.ت،٢٥:٢٣٠)، بۆیە صفارییەکان لەساڵی(٢٦٠ک/٨٧٣ز)، هێرشیان بردە سەر ناوچەی طبرستان و لە شەڕێکدا توانیان بەسەر میری زیدیدا سەربکەون و دەست بە سەر ناوچەکانی ساریە و أمل دابگرن ومیری زیدی بەناچاری بەرەو ناوچەی دیلم هەڵات، وەک سزایەک میری صفاری زەویانەی ساڵێکی لەخەڵکی ناوچەکە کۆکردەوە (الطبري،١٩٧٩،٩:٥٠٩ ؛الذهبي،١٩٩٢،١٩ :٣١ ؛ابن خلدون،٢٠٠٠،٤ :٣٠-٣١)، واتە یەکێ هۆکارەکانی ئاڵۆزی پەیوەندی سیاسی و سەربازی نێوان صفاریەکان و زیدییەکان بە مەبەستی بەدەستهێنانی دانپیانانی و شەرعیەتی فەرمانڕەوایی بو بۆ یعقوبی صفاری لەلایەن خیلافەت دەتوانین بڵێین،

کۆکردنەوەی زەویانەی ساڵێکیش لە خەڵکی ناوچەکە بۆ دو هۆکار دەگەڕێتە وە یەکەمیان، میری صفاری وەک سزایەک ئەم کارەی ئەنجام داوە بەهۆی پشتگیری خەڵکی ناوچەکە لە میرنشینی زیدی، دوەمیان دڵنیابون لە خەڵکی ناوچەکە کە توانای پێدانی ئەم بڕە پارەیان هەیە، بەهۆی دەوڵەمەندی ناوچەکەیان لەڕوی ئابوریەوە، بەڵام دەست بەسەر داگرتنی ناوچەکانی طبرستان ماوەیەکی زۆری نەخایاند بەهۆی سەختی کەش و هەوای ناوچەکە بارینی بەفرو بارانێکی زۆر بوە هۆی لە دەستدانی ژمارەیەکی زۆر لەسەربازەکانی، بەناچاری ناوچەکەی جێهێشت(الطبری،١٩٧٩، ٩: ٥٠٩ ؛ اليافعی١٩٩٧،٢ :١٢٧)، بەڵام جارێکی تر میری زیدی لەساڵی(٢٦١ک/٨٧٤ز) بەهاوکاری دیلمەکان دەستی بەسەر طبرستان داگرتەوە (اسفندیار،٢٠٠٢: ٢٤٩؛ ابن خلدون،٤،٢٠٠٠: ٣١).

لەوەی خرایە ڕوئەوەی لێدەخوێنرێتەوە، کە دوای دەست بەسەر داگرتنی نیسابوری پایەختی میرنشینی تاهیری جگە لە دەسەڵاتی میر نشینی زیدی هیچ دەسەڵاتێکی ترلەناوچەکەدا بونی نەما، ئەمەش وای لە میری صفاری کرد، فراوانخوازییەکەی بۆ ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی ئەم میرنشینە ئەنجام بدات، لەکاتێکدا ناوچەیەکی گرنگ و ستراتیجی بو لە ڕوی سیاسی وئابوریەوە، لەمەش گرنگتر میری صفاری میرنشینی زیدی بە مەترسی دەزانی بۆ سەر دەسەڵاتەکەی، چونکە نزیک بون لە سنوری فەرمانڕەوایی ئەو بۆ ئەم مەبەستە ویستی ئەم مەترسیە نەهێڵێ، ئەمە سەرەڕای جیاوازی ڕێبازی ئاینی لەگەڵ ئەم میرنشینە هۆکارێکی تربو بۆ هێرش بردنە سەر ئەم میرنشینە لە طبرستان.

ئەو کەسایەتیانەی لەڕۆژهەڵاتی ئیسلامی لەماوەی فەرمانڕەوایی میرنشینی زیدی دەرکەوتن ویست وئارەزوی دەسەڵاتداریەتیان هەبو، بونە هۆی ئاڵۆزترکردنی پەیوەندی سیاسی و سەربازی لەگەڵ ئەم میرنشینەدا، ئەمەش بەمەبەستی بەدەستهێنانی شەرعیەتی دەسەڵاتداریەتی لە خیلافەتی عەبباسی، یەکێ لەدیارترین ئەم کەسایەتیانە أحمد کوڕی عبدالله سجستانی بو لەساڵی (٢٦٥ک/٨٧٨ز)، هیرشی بردە سەر ناوچەی جرجان و دەستی بە سەر داگرت(إبن الاثیر،١٩٨٧، ٦: ٢٦٦،٢٦٧)، بەڵام میری زیدی توانی جارێکی تر لەساڵی(٢٦٦ک/٨٧٩ز)، دەست بەسەر جرجان دابگرێتەوە(ابن خلدون،٤،٢٠٠٠: ٣١)، میری صفاری جگە لەو هێرشەی ئاماژەمان پێدا هیچ هەوڵێکی تری نەدا بۆ دەست بەسەرداگرتنی طبرستان، بێگومان ئەمەش بەهۆی سەرقاڵی بو بە کێشە و ناکۆکیەکانی لەگەڵ خیلافەتی عەبباسی تاکو لەساڵی(٢٦٥ک/٨٧٨ز)، کۆچی دوایی کرد و عمروی برای شوێنی گرتەوە (ابن الوردی،١،١٩٦٩: ٣٢٩؛ الذهبی،١٢،١٩٩٦: ٥١٦).

لەسەردەمی ئەم میرە گۆڕانکاری سیاسی و سەربازی لە نێوان لایەنە ناکۆکەکانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی ڕویدا، بەتایبەتی کاتێ حسنی کوڕی زید لەساڵی(٢٧٠ک/٨٨٣ز)، کۆچی دوایی کرد لە طبرستان (جوینی،٣،١٤٢٧: ٣٠٨؛ الاصفهانی، د.ت: ١٨١)، پاشان محمد برای شوێنی گرتەوە(٢٧٠-٢٨٧ک/ ٨٨٣-٩٠٠ز)، لەدەسەڵاتداریەتی میرنشینە کە (العمری،٢٦،٢٠١٠: ٨٦؛ شبانکارئی،١،١٤٢٣: ٣٨٩؛ ابن الوردی،١،١٩٦٩: ٣٣٠)، لەسەردەمی فەرمانڕەوایی ئەم میرەدا، میرنشینەکە دوچاری کێشەو گرفتی ناوەخۆیی بۆوە، ئەمەش کاریگەریی لەسەر لاوازبونی توانای میرنشینە کە

هەبو، بەڵام گۆڕانكارییە سیاسی و سەربازییەكان لە ناوچەی ڕۆژهەڵات لەساڵی(٢٧٩ك/٨٩٢ز)، لە بەرژەوەندی میری زیدی بو، لەبەرئەوەی لەو ساڵەدا خەلیفە معتضد(٢٧٩-٢٨٩ك/٨٩٢-٩٠٢ز) رافعی كوڕی هرثمة[٨] لەفەرمانڕەوایی تاهیری لە خراسان لادا (الجوزجانی،٢٠١٣،١: ٢٣٣)، بەڵام ئەم كەسایەتیە سەربازیە بەهۆی تەماحی بۆ دەسەڵاتداریەتی ڕازی نەبو دەستبەرداری دەسەڵات بێت لەناوچەكە بۆ میری صفاری(ابن كثیر،١٩٩١،١١: ٦٦)، ئەم ڕوداوە كاریگەری لەسەر پەیوەندی نێوان صفارییەكان و زیدییەكان هەبو، بەتایبەتی لەساڵی(٢٨١ك/٨٩٤ز)، عمروی كوڕی للیث هێرشی بردە سەرناوچەی نیسابور و دەستی بەسەر داگرت(الطبری،١٩٧٩،١٠: ٣٤)، ئەم ڕوداوە بارودۆخی ڕافعی كوڕی هرثمة ئاڵۆزكرد، دوای ڕاوێژكردن بە هاوەڵەكانی ڕازی بون پەیوەندی لەگەڵ زیدییەكان ئاسایی بكەنەوە، بەمەرجێك ناوچەی جرجان لە ژێردەستی خۆی بمێنێتە وە(اسفندیار،٢٠٠٢:٢٥٨)، بۆیە لەساڵی(٢٨٢ك/٨٩٥ز)، گوێڕایەڵی خۆی بۆ میری زیدی ڕاگەیاند و وتاری بە ناوی ئەو لە جرجان و طبرستان خوێندەوە، لەبەرامبەردا بەڵێنی چوارهەزار سەربازی دەیلەمی پێدا لە دژایەتی كردنی صفاریەكان(ابن الاثیر، ١٩٨٧،٦ :٣٧٢؛السیستانی،١٤٢٥ :٥؛علی،١٩٨٩ :١٥٠)،واتە، ئەم كەسایەتیە بەرژەوە ندخوازە كاریگەری لەسەر ئاڕاستە كردنی پەیوەندی نێوان صفاریەكان و زیدی هەبو، بۆیە میری صفاری ئاسایی بونەوەی پەیوەندی نێوان ڕافع و میری زیدی بە مەترسی بۆ سەر دەسەڵاتی خۆی دانا، بۆیە داوای لە زیدییەكان كرد، هاوكاری ئەم كەسایەتیە نەكەن و ئەوستەم ونادادپەروەریەی بیر هێنانەوە لەسەردەمی دەسەڵاتداریەتی ئەودا لەخراسان لێیان كرابو(اسفندیار،٢٠٠٢: ٢٥٩؛ ابن لاثیر،١٩٨٧،٦ :٣٧٢).

دەتوانین بڵێین، هەڵوێسی رافعی كوڕی للیث فێڵێكی سیاسی بوبەكاری هێنا لەبەرامبەر میری زیدی بەهۆی ناچاری ئەو بارودۆخە سەربازیەوە بو لە دوای لادانی لە دەسەڵاتداریەتی خراسان بە سەری داهاتبو، لە كاتێكدا بەرژەوەندی وای خواست كە گوێڕایەڵی بۆ ڕابگەیەنێ و بەناوی ئەو وتار بخوێنێتەوە تاكو بارودۆخەكە تێدەپەرێت و پاشان هەمان سیاسەتی پێشو پەیڕەو دەكاتەوە، چونكە مەرجی دانا بۆ مانەوەی ناوچەی جرجان لە ژێردەستی خۆی، لەبەرئەوەی ناوچەی جرجان لەلای ڕۆژهەڵاتەوە وەك دەرگایەك وابو بۆ چونە ناو طبرستان، ئەمەش بەڵگەبو لەسەر ڕاسگۆنەبونی لەم پەیوەندییە لەگەڵ زیدییەكان، ئەم پیلان گێڕیی و نەبونی متمانەیە لە نێوان دەسەڵاتدارانی ڕۆژهەڵات وای كردبو بەردەوام لە كێشەو ناكۆكی دابن، لەسەر بنەمای ئەو بەڵێن و ڕێككەوتنە كە لەگەڵ میری زیدی ئەنجامی دا، رافعی كوڕی هرثمة لەساڵی(٢٨٣ك/٨٩٦ز)، بەرەو نیسابور بەرێكەوت بۆ ڕوبەڕ وبونەوەی صفارییەكان، بەڵام وادەردەكەوێت میری زیدیش بە هەمان شێوەی رافع ڕاستگۆ نەبو لەو بەڵێنەی دابوی بۆ یارمەتی دانی لەڕوی سەربازیەوە لەكاتی شەرەكەدا، لەبەرئەوەی لەكاتی شەڕەكەیدا لەگەڵ صفارییەكان داوای لەمیری زیدی كرد بەڵێنەكەی جێبەجێ بكات و یارمەتی سەربازی بۆ بنێرێت، بەڵام میری زیدی پاڵپشتی نەكردو هیچ سەربازێكی بۆ نەنارد (اسفندیار،٢٠٠٢: ٢٦٠ ؛ ابن لاثیر، ١٩٨٧،٦: ٣٧٢).

وادەردەکەوێت ئەم بەڵێنەی میری زیدی پیلانێک بوبێت بۆ تۆڵەکردنەوە لەو کەسایەتیە سەربازیەو بە کوشدانی بەدەستی صفارییەکان، چونکە لە پێشودا وەک فەرمانڕەوای تاهیرییەکان دەستی بە سەر ناوچەی طبرستان وجرجان دا گرت و زیانێکی زۆری بە دەسەڵاتی زیدییەکان گەیاند بو، لەهەمان کاتدا داواکاری میری صفاری بۆ هاوکاری نەکردنی کاریگەریی بەسەریەوە هەبوە، لە ئەنجامی شەڕی نێوان هەردولادا لەساڵی(٢٨٤ک/٨٩٧ز)، رافع شکستی هێناو بەرەو ناوچەی خوارزم هەڵات و لەوێدا بەدەستی خەڵکی ناوچەکە کوژرا و سەری بۆ عمروی کوڕی للیث نێردرا (اسفندیار،٢٠٠٢ :٢٦٠؛ الجوزجانی،١،٢٠١٣: ٣٣٣).

لەوەی خرایەڕو ئەوەی لێدەخوێندرێتەوە، میری صفاری سیاسەتێکی ژیرانەی بەکارهێنا لە بەرامبەر زیدییەکان، چونکە لەو کاتەدا شەرعیەتی فەرمانڕەوایی ناوچەی ئەوبەری ڕوبار [٩] (ماواءالنهر) ی لەخیلافەت وەرگرتبو، لەهەمان کاتەدا لەکێشەو ناکۆکی دا بولەگەڵ میر سامانی نەی دەتوانی لە یەک کاتدا ڕوبەڕوی هەردولایەن بێتەوە، بۆیە سیاسەتێکی ژیرانەی بەکارهێنا کاتێ داوای لە میری زیدی کرد هاوکاری رافعی نەیاری نەکات، توانی میری زیدی ڕازی بکات یارمەتی رافع نەدات و لەم ڕێگەیەوە رافعی بەکوشتندا، دەتوانین بڵێین میری صفاری سودی لە هەڵەی یعقوبی برای وەرگرتبو کاتێ هێرشی بردە سەر ناوچەی طبرستان بەهۆی سەختی شوێنەکەو نالەباری کەش وهەواوە بەناچاری ناوچەکەی جێهێشت زیانێکی زۆری پێگەیشت، بۆیە لەماوەی فەرمانڕەوایی میرعمروی صفاری هیچ کێشەو ناکۆکیەک لەگەڵ زیدی ڕوی نەدا، بەڵکو پەیوەندیەکی پتەو لە نێوانیان داهەبو (الجاف،٢،٢٠٠٨ :١٧٣؛ التمیمی،٢٠١٠: ٢٢٣–٢٢٤ ؛ عمر،النقیب،١٩٨٩:١٣٠)، لەم پەیوەندیە ئەوەمان بۆ دەردەکەویت میری زیدی نەی ویستوە هاوشێوەی حسنی برای سیاسەتێکی دوژمنکارانە بەرامبەر صفارییەکان پەیڕەو بکات و پشتگیری نەیارەکانیان بکات، چونکە بەبڕوای ئەو بزوتنەوەکەی رافع لە گوێڕایەڵی خیلافەت دەرچوە، لەهەر کاتێک دا بێت کۆتایی پێدە هێندرێت، بەڵام صفارییەکان خاوەن میرنشینێکی بەهێز و لەشکرێکی گەورە بون و لەهەمان کاتدا لەلایەن خیلافەتەوە دانپێدانرابون، خەڵکی ناوچەکەش پاڵپشتیان دەکرد، بۆیە دژایەتیکردنی صفارییەکان لە بەرژەوەندی ئەو دانەبو.

لەئەنجامی شەرو ناکۆکی نێوان میری صفاری و سامانیەکان لەسەر سەپاندنی هەژمونی خۆیان لە ناوچەی ئەوبەری ڕوبار لەساڵی(٢٨٧ک/٩٠٠ز)، عمروی کوڕی للیثی صفاری دەست گیرکرا و ناردرا بۆ خیلافەت (الکردیزی،٢٠٠٦: ٢٠٧).

مەترسی خەلیفەی عەبباسی لەنزیکبونەوەی زیدییەکان وصفارییەکان بۆ بەستنی هاوپەیمانیەتی و لە دەستچونی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی، کاریگەری لە سەردانانی بە دەسەڵاتی صفاری هەبوئەم هەنگاوەش کاریگەری ئەرێنی لەسەر خیلافەت هەبو، چونکە خەلیفە ترسی ئەوەی هەبو ئەگەر شەرعیەتی دەسەڵاتداریەتی پێ نەدا ئەوا میری صفاری هاوپەیمانیەتی لەگەڵ زیدی دەکات و ئەو کاتەش ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی دەکەوتە

ژێردەسەڵاتی نەیارەکانی، ئەمەش کاریگەری ڕاستەو خۆی بەسەر خیلافەتی عەبباسی لە بەغدا دەبو، بۆیە پێدانی ئەم شەرعیەتە لەلایەن خەلیفەوە تاکە ڕێگە بو بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە.

لەوەی خرایەڕو، ئەوە دەردەکەوێت کە شێوازی پەیوەندی نێوان ئەم دو میرنشینە پەیوەست بو بەسیاسەتی میری فەرمانڕەوا، بۆیە پەیوەندی نێوان میرنشینی صفاری و میرنشینی زیدی لەسەر بنەمای شەڕو ئاشتی بەڕێوەچو لەسەردەمی یعقوبی صفاری زیدییەکان کرانە ئامانج بۆ بە دەستهێنا نی شەرعیەتی فەرمانڕەوایی لە خیلافەت لەلایەکی تر بۆ دورخستنەوەی دەسەڵاتی زیدییەکان لەسنور ی دەسەڵاتیان ئەمەش پەیوەندی نێوانیانی ئاڵۆزکرد، بەڵام لە سەردەمی میرعمروی صفاری ئەم سیاسەتە گۆڕانکاری بەسەرداهات پەیوەندیەکی دۆستانە لە نێوانیان دامەزرا، لەماوەی فەرمانڕەوایی ئەم میرەدا هیچ جۆرە ناکۆکیەک ڕوینەدا لە نێوانیان تەنانەت هاوکاری یەکتریان کرد بۆ کۆتایی هێنان بە نەیارەکانیان.

## تەوەرەی سێیەم-پەیوەندی نێوان میرنشینی زیدی و میرنشینی سامانی

سەرەتای پەیوەندی نێوان ئەم دو میرنشینە بۆ ساڵی(٢٨٧ک/٩٠٠ز) دەگەڕێتەوە، کاتێک میری زیدی هەوڵیدا سود لەم بارودۆخە ئاڵۆزە سیاسی و سەربازییەوە ناوچەکە وەربگرێت و دەست بەسەر خراسان دابگرێت، لەبەرئەوەی میری زیدی بارودۆخەکەی بەشێوەیەک لێکدایەوە کە میری سامانی لەسنوری دەسەڵاتی خۆیدا لە ناوچەی ئەوبەری ڕوبار (بلادماوراءالنهر) دەمێنێتەوە و هەوڵی دەست بە سەرداگرتنی خراسان نادات، ئەمەش دەرفەتێکە بۆ ئەو تاکو ئەم ناوچەیە بخاتە ژێردەسەڵاتی خۆی، بەڵام میر إسماعیل ((٢٧٩-٢٩٥ز/٨٩٢-٩٠٧ز)، ئاگاداری کردەوە لەسنوری دەسەڵاتی خۆیدا بمێنێتەوە، دەست درێژی نەکاتە سەر ناوچەی خراسان (ابن كثير،١١،١٩٩٩: ٨٣؛ شاكر، ٦،٢٠٠٠: ٣٠١)، بەڵام میری زیدی پێداگری کرد، لەسەر فراوانکردنی دەسەڵاتی بەلەشکرێکی زۆرەوە هێرشی بردە سەر ناوچەی جرجان و دەستی بەسەر داگرت (الطبري، ١٠،١٩٧٩: ٨١؛ مسعودي،٤،٢٠٠٥:٢١١؛ ابن خلدون،٤،٢٠٠٠: ٣٢)، فراوانبونی دەسەڵاتی میری زیدی بوە هۆی ناڕەزایی خیلافەتی عەبباسی، بەتایبەتی ئەو بابەتەی زیاتر خیلافەتی نیگەرانکرد، ناردنی یارمەتی دارایی ساڵانە بو لەلایەن میری زیدی بۆ عەلەوییەکانی بەغدا، کوفە، مکە و مەدینە (الطبري، ١٠،١٩٦٩:٤١ ؛ شبانكارئي،١،١٤٢٣:٣٨٩- ٣٩٠)، ئەمەش بۆ مەبەستی هاندانیان بو لە دژی خیلافەتی عەبباسی لەلایەکی ترەوە بەردەوامی دان بو بەبڵاوکردنەوەی ڕێبازی زیدی عەلەوی لە دەرەوەی سنوری دەسەڵاتی خۆیدا، بۆ ڕوبەڕوبونەوەی دەسەڵاتی زیدییەکان خەلیفە شەرعیەتی فەرمانڕەوایی خراسانی دا بە میری سامانی (ابن الاثير، ١٩٨٧،٦ :٤٠٢)، خیلافەتی عەبباسی کاریگەری لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان میرنشینی سامانی و زیدی هەبو، چونکە سامانییەکان دژی هەر بزوتنەوەیەک بون کە دژی خیلافەت بەرپابوایە، لەم ڕوانگەیەوە خەلیفە داوای لە میر سامانی کرد دەست بە سەر ناوچەکانی طخارستان و جرجان دابگرێت (الجوزجاني،١،٢٠١٣ :٣٣٩؛ الكرديزي،٢٠٠٦ :٢٠٩؛ الطائي،٢٠١٧: ٣٨)، بۆ جێبەجێکردنی ئەم داوایە میری سامانی لەشکرێکی لەساڵی (٢٨٧ک/٩٠٠ز) ئامادەکرد، بۆ

دەست بە سەرداگرتنەوەی ئەم ناوچانە، لەئەنجام دا شەرێکی سەختی کەم وێنە لەنێوانیاندا بەرپابو (مسعودی،٢٠٠٥،٤ :٢١١)، لەم شەڕەدا میری زیدی کوژراو کوڕەکەشی دەستگیرکرا (جوینی،١٤٢٧،٣ :٣٠٨؛ الاصفهانی،١٨١:١٨٤٤؛الاصفهانی،١٩٤٩ :٦٩٣)، دوای ئەم سەرکەوتنە ناوچەی طبرستان وجرجان وخراسان بون بە بەشێک لە دەسەڵاتداریەتی میرنشینی سامانی (الدواداری،١٩٨٢،٥ :٣١٢؛ابن خلدون،٤،٢٠٠٠ :٣٢)، محەمەدی کوڕی هارون[١٠] کرایە فەرمانرەوای ئەم ناوچەیە (الکردیزی،٢٠٠٦ :٢٠٩)، سامانییەکان لەساڵی (٢٨٧-٣٠١ک/٩٠٠-٩١٣ز)، بەردەوامبون لە فەرمانڕەوایی کردنی طبرستان (اشتیانی،١٩٨٩ :٢٤؛ علی،١٩٨٩: ١٥٤-١٥٥).

ئەم بارودۆخە ئاڵۆزەی ناوچەی ڕۆژهەڵات وایکرد کەسایەتییە بەرژەوەندیخوازەکان سودی لێوەربگرن بۆ هێنانەدی ئامانجەکانیان لە فەرمانڕەوایی دا، محەمەدی کوڕی هاڕون لە ناوچەی طبرستان لە دەسەڵاتی سامانی هەڵگەرایەوە، بۆ فراوانکردنی سنوری دەسەڵاتی لەساڵی (٢٨٨ک/ ٩٠٠ز)، هێرشی بردە سەر ناوچەی ری و فەرمانڕەوای خیلافەتی کوشت و دەستی بە سەرداگرت (الطبری،١٩٧٩،١٠ :٨٨-٨٩)، خیلافەتی عەبباسی بۆ ڕوبەڕوبونەوەی ئەم کەسایەتیانە، شەرعیەتی فەرمانرەوایی ناوچەی ڕەی دا بە میری سامانی، ئەویش لە شکرێکی ئامادەکرد بۆ ڕوبەڕوبونەوەی، بەڵام پێش گەیشتنی لەشکری سامانی ئەم کەسایەتییە سەرپێچی کارە هەڵات بۆ ناوچەی دەیلەم و گوێڕایەڵی خۆی بۆ زیدییەکان ڕاگەیاند (اسفندیار،٢٠٠٢ :٢٦٦؛ اشتیانی،١٩٨٩:٢٤-٢٥).

دەربرینی گوێڕایەڵی بۆ زیدییەکان لەڕوانگەی متمانەبون نەبوبە بیروباوەڕی عەلەوییەکان، چونکە یەکێ لە میرەکانی زیدی بەدەستی ئەو کوژرا، بەڵکو ئەم گوێڕایەڵیە بەهۆی ئەو کێشەو ناکۆکییەوە بو لەگەڵ سامانیەکان دا سەریهەڵدا، لەو کاتەدا بەرژەوەندی هاوبەش کۆیکردنەوە لەگەڵ زیدی، لەبەرامبەر دوژمنێکی هاوبەش کە سامانییەکان بون.

حسنی کوڕی علی ناسراو بە أطروش(٣٠١-٣٠٤ک/ ٩١٣-٩١٦ز) دوای دەست بەسەرداگرتنی ناوچەکەیان لەلایەن سامانیەکانەوە هەڵات بۆ ناوچەی دەیلەم و جیلان، لەماوەی سێزدە ساڵ مانەوەی لەم ناوچەیە دا سەرقاڵی کاری بانگەوازی بو، توانی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی ناوچەکە بکاتە موسڵمان لەسەر ڕێبازی زیدی عەلەوی و چەندین مزگەوتی لەناوچەکەدا دروست کرد (الاصفهانی، د.ت: ١٨٢؛جوینی،١٤٢٧، ٣: ٣٠٨ ؛ النویری،٢٦،٢٠٠٤: : ٣ ؛ ابن خلدون،٤،٢٠٠٠ :٣٣ ).

دەتوانین بڵێین، لەم ماوەیەدا میری زیدی لە ناوچەی دیلم دو ئامانجی هێنایەدی یەکەمیان، میری زیدی وەک بانگەوازکارێک توانی ئاینی ئیسلام لەناویان بڵاوبکاتەوە، کە تا ئەو کاتە لەسەر ئاینی کۆنی فارس بون و ڕێبازی زیدی بوە ڕێبازێکی سەرەکی لەناوچەکەدا، دوەمیان، بەکارهێنانی خەڵکی ناوچەکە بو بۆ مەبەستی پاڵپشتی کردنیان لە ململانێ کردنی دەسەڵاتی سامانیەکان لە ناوچەی طبرستان بۆ تۆڵەکردنەوەی خوێنی محمدی کوری زید.

بۆ ئەم مەبەستە بەهاوکاری دیلمەکان، میری زیدی لەساڵی (٢٨٩ک/٩٠١ز)، هێرشی بردە سەر ناوچەی امل بەڵام سەرکەوتونەبون و ژمارەیەکی زۆریان لێ کوژرا، بەتایبەتی لە کەسایەتیە ناودارەکانی دیلم(اسفندیار،٢٠٠٢:٢٦٤؛

الاملي،١٣٨٩،١:١٠٤)، ئەم شكستە نەبوە هۆی وەستاندنی زیدییەكان بۆ دەست بەسەر داگرتنەوەی ناوچەی طبرستان لە ژێردەستی سامانیەكان، لەساڵی (٢٩٠ك/٩٠٢ز)، جارێكی تر بەلەشكرێكی زیاترەوە هێرشیان بردەوە سەر ناوچەی ئەمەل دوای شەڕێكی سەخت كە ماوەی چل ڕۆژی خایاند، لەئەنجامدا لەشكری سامانی شكستی هێنا، بەهۆی كەمتەرخەمی أحمدی كوڕی إسماعیل(٢٩٥-٣٠١ك/٩٠٧-٩١٣ز) لە گەیاندنی هاوكاری سەربازی بۆ ئەبو عەبباس عەبدوڵای كوڕی محەمەد سەركردەی سوپاكەیان، بۆیە زیدییەكان توانیان سود لە كەم تەرخەمیەكە وەربگرن و دەست بەسەر طبرستان دا بگرنەوە (اسفندیار،٢٠٠٢: ٢٦٦؛ اشتیانی،١٩٨٩: ٢٥)..

لەم ڕوداوە ئەوەمان بۆ دەردەكەوێت، كاتێك كەسانی كەم ئەزمون و ناشایستە بەرپرسیاریەتی دەگرنەدەست و ڕق وكینە تێكەڵ بە دەسەڵاتداریەتی دەكەن و هەوڵی تۆڵەكردنەوە دەدەن لەڕێگەی بەكارهێنانی دەسەڵاتیان بێ گوێدانە بەرژەوەندی وڵاتەكەیان، ئەوا جگە لە شكست هیچ سەركەوتنێك لە ژێرسایەی ئەمجۆرە بەرپرسانە چاوەڕێ ناكرێت، ئەم دیاردەیەش هۆكاری ئەم شكستی سامانیەكان بو لە شەڕەكەیان لەگەڵ زیدی.

ئەم سەركردە سەربازیانەی لەپێناو بەدەست هێنانی دەسەڵات هەڵگەڕانەوە زۆربەیان نەگەیشتنە ئامانجەكانیان، چونكە میرنشینەكان لە پێناو بەرژەوەندی خۆیان بەكاریان هێنان لە لایەنی سەربازیەوە، لەم نێوانەشدا بونە قوربانی ویست و ئارەزوی ئەوان، سامانیەكان توانیان محمدی كوڕی هارون[٥] لە ناوچەی ری دەست بەسەر بكەن میری زیدیش بە ناچاری هەڵات بۆ دیلم وناوچەی طبرستان كەوتەوە دەستی سامانیەكان(اشتیانی،١٩٨٩: ٢٥)، پەیڕەوكردنی بنەمای دادپەروەری لە فەرمانڕەوایدا، هۆكارێكی گرنگ وكاریگەرە بۆ دابینكردنی هێمنی و ئارامی لە دەسەڵاتداریەتی دا، چونكە هۆكارێكی بەهێزە بۆ بەدەست هێنانی پاڵپشتی خەڵك بۆ پارێزگاریكردن لە دەسەڵات، ئەبو عەبباس كوڕی عبدالله لە ماوەی فەرمانڕەوایی لەگەڵ خەڵكی طبرستان كەسێكی دادپەروەر چاكەخوازبو، ئەمەش وایكرد خەڵك خۆشیان بوێت وپاڵپشتی بكەن، بەشێوەیەك وەڵامی پێشەوای ڕێبازەكەیان نەدایەوە بۆ دژایەتی كردنی دەسەڵاتی سامانیەكان لە ناوچەكەدا (ابن خلدون،٢٠٠٠، ٤: ٣٣؛ علی،١٩٨٩: ١٥٤)، لەم ڕوداوە ئەوەمان بۆ دەردەكەوێت، كە دادپەروەری لە فەرمانرەوایی دا بنەمای هیمنی وئارامی و خۆشگوزەرانییە بۆ خەڵك، ئەمەش دەبێتەهۆی بەدەست هێنانی ڕەزامەندی خەڵك وپشتگیری كردنی لە كاتی پێویستی دا، بەڵام دوای كۆچی دوایی میر إسماعیل بارودۆخی میرنشینی سامانی گۆڕانكاری بەسەر داهات، ئەمەش كاریگەری بەسەر پەیوەندی نێوان سامانیەكان و زیدییەكان هەبو، بەتایبەتی لە ناوچەی طبرستان، احمدی كوڕی إسماعیل شوێنی باوكی گرتەوە لە فەرمانڕەوایی میرنشینەكە، ئەم میرە كەسایەتیەكی لاوازو بێ ئەزمون بولە فەرمانڕەوایی دا، سەرقاڵی گرنگی دان بوبە ژیانی تایبەتی خۆی، لەسەردەمی باوكی لەسەر ئەم كارە سەرزەنشتی كردبو(اسفندیار،٢٠٠٢: ٢٦٧)، میری سامانی سیاسەتێكی هەڵەی پەیڕەوكرد لە ناوچەی طبرستان، كاتێك محمدی كوڕی إبراهیمي صعلوكی كردە فەرمانڕەوای ناوچەك، چونكە ئەم كەسایەتییە سیاسەتێكی توندوتێژی نادادپەروەرانەی لەگەڵ خەڵكی ئەم ناوچەیە پەیڕەوكرد (ابن خلدون،٤،٢٠٠٠ : ٣٣).

ئەم سیاسەتەش پێچەوانەی سیاسەتی فەرمانڕەوای پێشویان بو، بۆیە میری زیدی ئەم بارودۆخەی بە دەرفەتزانی و داوای لە خەڵکی ناوچەی طبرستان کرد هاوکاری بکەن بۆ کۆتایی هێنان بە فەرمانڕەوایی سامانیەکان لە ناوچەکە، بۆ ئەم مەبەستە لەساڵی(٣٠١ک/٩١٣ز)، بەهاوکاری دیلمەکان و خەڵکی ناوچەکە ڕوبەڕوی فەرمانڕەوای سامانیەکان بۆنەوە توانیان شکستیان پێ بهێنن و دەست بەسەر طبرستاندا بگرنەوە (ابن الاثیر،١٩٨٧،٦: ٤٨١؛ جوینی،١٤٢٧،٣:٣٠٨ ؛ الاملی،١٣٨٩،١: ١٠٥)، بەهۆی ئەم سیاسەتە هەڵەیەی میری سامانی سەردەمێکی نوێ لە فەرمانڕەوایی زیدی لە ناوچەی طبرستان دەستی پێکردەوە لە نێوان ساڵانی(٣٠١-٣٠٤ک/٩١٣-٩١٦ز)، ئەو ململانێیە سیاسی و سەربازییە لە نێوان هەردولادا بەردەوام بو، سامانیەکان هەوڵیاندا دەست بە سەر ئەم ناوچەیە دابگرنەوە،میری سامانی لەشکرێکی ئامادەکرد و ڕوبەڕوی لە شکری زیدییەکان بۆوە، بەڵام شکستی هێنا( اسفندیار،٢٠٠٢: ٢٧٤؛ اشتیانی،١٩٨٩: ٢٦ ).

حسنی کوڕی اتروش لەساڵی(٣٠٤ک/٩١٦ز)، کۆچی دوایی کرد و حسنی کوڕی قاسم کە بەبانگەوازکاری بچوک ناسرابو شوێنی گرتەوە( اسفندیار،٢٠٠٢: ٢٧٩؛ ابن خلدون،٤،٢٠٠٠: ٣٤)، لەسەردەمی ئەم میرە دا کێشەو ناکۆکیەکان لە نێوان زیدییەکان وسامانیەکان بەردەوام بون، زیدییەکان هەوڵیاندا فراوانخوازی لە سەرناوچەکانی ژێردەسەڵاتی سامانیەکان بکەن، چونکە لە دوای مردنی میر إسماعیلی دامەزرێنەری میرنشینەکە کێشەو ناکۆکی ناوەخۆیی لەسەر دەسەڵاتداریەتی دەرکەوت لەناو بنەماڵەی سامانی، ئەو هێزو توانا سیاسی و سەربازیەیی پێشویان لەدەست دا، زیدییەکان بە پاڵپشتی دیلمەکان سودیان لەم بارودۆخەی سامانیەکان وەرگرت، چونکە ناوچەی دیلمەکان پەناگەیەکی ئارام و پارێزراو بو بۆ کاتی شکستەکانیان و لە کاتی هێرشەکانیشیان هۆکاری سەرەکی بون بۆ سەرکەوتنیان.

زیدییەکان لەساڵی(٣٠٨ک/٩٢٠ز) هێرشیان بردە سەر میرنشینی سامانی، بەهۆی بەهێزی لە شکری زیدییەکان سەرکەوتنیان بەدەست هێنا(ابن الاثیر،١٩٨٧،٧: ٣)، زیدییەکان سودیان لە لاوازی دەسەڵاتی سامانیەکان وەرگرت وبەردەوام بون لە فراوانکردنی سنوری فەرمانڕەواییان، لەهەمان ساڵدا زیدییەکان توانیان دەست بەسەر شاری نیسابوردا بگرن(اسفندیار،٢٠٠٢:٢٨٢)، وتاریان بەناوی میری زیدی تێدا خوێندەوە(ابن خلدون،٤،٢٠٠٠:٣٤؛ علی،١٩٨٩: ١٥٧)، ئەم ناوچانە لەڕوی کارگێڕییەوە بەشێکی گرنگ بو لەمیرنشینی سامانی، چونکە لەلایەن خیلافەتی عەبباسیەوە شەرعیەتی فەرمانڕەوایان پێدرابو، میری سامانی لەڕێگەی لەشکرێکەوە توانی شکست بە زیدییەکان بهێنێت و دەست بەسەر نیسابوردا بگرێتەوە (أشتیانی،١٩٨٩، ٢٨) ئەم پەیوەندیەی نێوان ئەم دو لایەنە لەسەر بنەمای شەڕ و ناکۆکی سیاسی و سەربازی دامەزرابو، بۆ دەست بەسەر داگرتنی ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی یەکتری لەساڵی(٣١٠ک/٩٢٢ز)، میری سامانی توانی دەست بەسەر ناو چەی جرجان دابگرێتەوە (اسفندیار،٢٠٠٢: ٢٨٨؛ ابن الاثیر،١٩٨٧،٧:٧ ؛ابن خلدون،٤،٢٠٠٠: ٣٥؛ علی،١٩٨٩:١٥٦)، زیدی هاوشێوەی سامانیەکان ڕوبەڕوی کێشەو ناکۆکی ناوەخۆیی بونەوە، لەسەردەمی فەرمانڕەوایی حسنی کوڕی قاسم ئەم ناکۆکیانە زیاتر پەرەیان سەند، بەهۆی تەماحی سەرکردە

سەربازیەكان بۆ دەسەڵاتداریەتی و پەنابردنیان بۆ میر نشینی سامانی بە مەبەستی هاوكاری كردنیان بۆ گەیشتن بە دەسەڵات.

لەسەردەمی میری سامانی جگە لە دژایەتی كردنی زیدییەكان بەڕێگەی سەربازی، میری سامانی شێوازێكی تری پەیڕەوكرد، ئەویش پاڵپشتی كردن و هاوكاری كردنی نەیارەكانی میرنشینی زیدی بو، بە پێدانی یارمەتی سەربازی و داڵدەدانیان لەكاتی شكستەكان لەبەرامبەر میرنشینی زیدی، یەكێ لەدیارترین نەیارەكانی میری زیدی اسفاری كوڕی شیرویە[11] بو، لەساڵی(٣١٥ك/٩٢٧ز)، بەهۆی كێشەو ناكۆكی لەگەڵ سەركردە سەربازیەكانی تر لە نیسابور پەیوەندی بەسامانیەكانەوە كرد ئەوانیش هاوكاری سەربازییان بۆ دەست بەسەر داگرتنی طبرستان پێشكەش كرد، بەڵام سەركەوتونەبو گەڕایەوە ناوچەكانی ژێردەسەڵاتی سامانی لەجرجان (ابن الاثیر،١٩٨٧،٧:٣٥)، قوڵبونەوەی ئەم كێشەو ناكۆكیانە لەنێوان زیدییەكان، میری سامانی گەیاندە ئەو بڕوایەی كە دەتوانێت سود لە كێشەو ناكۆكیە ناوەخۆیەكانی زیدی وەربگرێت جارێكی تر دەست بەسەر طبرستاندا بگرێتەوە، بۆیە لەساڵی (٣١٥ك /٩٢٧ز)، میری سامانی خۆی سەركردایەتی لە شكرێكی بۆ دەست بەسەر داگرتنەوەی ئەم ناوچانە كرد، بەڵام لەناوچەی قوهستان لە لایەن زیدیەكانەوە گەمارۆدرا بە ناچاری داوای ڕێككەوتنی لەگەڵ زیدی كرد، لەئاكامدا ڕێككەوتن بە پێدانی سی هەزار دینار بە میری زیدی (اسفندیار،٢٠٠٢: ٢٩٥؛ اشتیانی، ١٩٨٩:٣٠)، واتە لایەنی ئابوری هاوشانی لایەنی سیاسی و سەربازی ڕۆڵی گرنگی لە ڕوداوەكانی رۆژهەڵات بینی و هۆكارێكی گرنگ بو بۆ چارەسەركردنێكی كاتی كێشە سیاسی و سەربازیەكان لە نێوان میرنشینەكاندا.

سنوری دەسەڵاتی میرنشینی زیدی گەیشتە ناوچەكانی ری، قزوین، أبهر، قم و زنجان (ابن الاثیر،١٩٨٧،٧:٤٣؛ ابن خلدون،٢٠٠٠،٤:٣٦)، ئەم فراوانخوازیانە و نارەزای خەلیفە مقتدیر(٢٩٥-٣١٧ك/٩٠٧-٩٢٩ز)ی لێكەوتەوە و سەر زەنشتی میری سامانی كرد، بە پشتگوێ خستنی كاروباری كارگێڕی ناوچەكەو لاوازبونی دەسەڵاتی تۆمەتباری كرد، فەرمانی پێكرد ڕوبەڕوی فراوانخوازی زیدییەكان بێتەوە(مسعودی،٢٠٠٥،٤: ٢٩٨؛ علی،١٩٨٩ :١٥٧)، خەلیفە ڕۆڵی كاریگەری هەبو لەسەر ڕوداوەكان لەڕێگەی سامانیەكانەوە، بۆیە ئەم سەرزەنشتكردنە كاریگەری لەسەر میری سامانی هەبو، بۆیە لەساڵی(٣١٦ك/ ٩٢٨ز)، لەشكرێكی بە هاوكاری أسفاری كوری شیرویە و مرداویجی زیاری[12] ئامادەكرد هێرشیان كردە سەر ئەم میر نشینە، لەئەنجامدا توانیان میری زیدی بكوژن(اسفندیار،٢٠٠٢:٢٩٦؛ الاصفهانی، د.ت، ١٨٢؛ النویری، د.ت،٢٥: ٥٧)، دوای كوژرانی میری زیدی هەمو ئەو ناوچانەی ئاماژەمان پێدابو، كەوتنە دەستی أسفاری كوڕی شیرویە و وتاری بەناوی سامانیەكان تێداخوێندەوە(ابن لاثیر،١٩٨٧،٧ :٤٣؛ابن خلدون،٤،٢٠٠٠ :٣٦؛ علی،١٩٨٩: ١٥٧)، لەو ساڵەدا میرنشینی زیدی كۆتایی هات، وناوچەكانیش بونە بەشێك لە میرنشینی سامانی.

لێرەدا ئەوە ڕون بۆوە كە پەیوەندی نێوان ئەم دو میرنشینەش لەسەر بنەمای شەڕو ئاژاوە بنیاتنراوە و جیاوازی مەزهەبیش ئاگری ناكۆكی نێوانیانی بەگوڕتر كردوە، هەروەها زیدییەكان لەماوەی فەرمانڕەواییان سودیان لەتواناو لێهاتوی سەربازی دیلمەكان وەرگرت، لەلایەكی ترەوە سودیان لەشوێنی جوگرافی میرنشینەكەیان وەرگرت

بۆ درێژە پێدانی بە ململانێ سیاسی و سەربازییەکانیان لەگەڵ میرنشینی سامانییەکان، سامانیەکانیش وەک هاوپەیمانێکی دڵسۆزی خیلافەتی عەبباسی لە ناوچەکە بۆ پارێزگاریکردن لە بەرژەوەندییەکانی خیلافەت، بەردەوام لە کێشەو ململانێی سیاسی و سەربازی دابون بۆ ڕێگریکردن لەفراوانبونی دەسەڵاتیان و هاوکاریکردنی نەیارە کانیان بۆ لاوازکردنی دەسەڵاتیان، تاکو لەساڵی(٣١٦ک/٩٢٨ز)، کۆتای بە دەسەڵاتیان هێنرا لەلایەن سامانییەکانەوە.

## ئەنجامەکان:

١. لەم توێژینەوەیەدا بۆمان دەرکەوت ویست و ئارەزوی فراوانخوازی لای ئەم میرنشینانە هۆکارێکی گرنگ بو، بۆ سەرهەڵدانی کێشە و ململانێی سیاسی و سەربازی لە نێوانیان بۆ فراوانکردنی سنوری دەسەڵاتیان لە سەر حیسابی بەرژەوەندی یەکتری.

٢. ئاڵۆزی پەیوەندی سیاسی وسەربازی لە نێوان میرنشینی زیدی و میرنشینە فارسییەکان، بەشێکی پەیوەندی بە بەدەستهێنانی شەرعیەتی فەرمانرەوایی بو لەلایەن خیلافەتی عەبباسیەوە، بۆیە ئەم میرنشینانە دژایەتی هەر بزوتنەوەیەکیان دەکرد هەوڵی جوداخوازی بدایە بەبێ ڕەزامەندی خیلافەتی عەبباسی.

٣. جیاوازی ڕێبازی ئاینی لە نێوان میرنشینی زیدی و میرنشینە فارسییەکان یەکێ بو لە هۆکارەکانی ئەو ناکۆکە سیاسی و سەربازییە، کە هەندێک جار وەک بیانویەک بەکارهێنرا بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خیلافەتی عەبباسی، بۆ مەبەستی بەدەسهێنانی شەرعیەتی فەرمانڕەوایی ناوچەکانی ڕۆژهەڵات.

٤. زیدییەکان ڕۆڵێکی گرنگیان بینی لە بڵاوکردنەوەی مەزهەبی شیعی لەناوچەکانی طبرستان ودیلم وەک کاردانەوەیەک لەبەرامبەر ئەو ستەم و نادادییەی لەلایەن دەسەڵاتدارە سونە مەزهەبەکانی ئەو ناوچانە لیانکرا.

٥. لەئەنجامی ئەو ململانێیە سیاسی وسەربازیەی نێوان ئەم میرنشینانە، باردۆخی ناوچەکە بەقۆناغێکی سەخت ودژواردا تێپەڕی وخەڵکی ناوچەکە ڕوبەڕوی نەهامەتی زۆربونەوە، ئەمەش بوە دەرفەتێک بۆ دەرکەوتنی هێزی نۆێ لەڕۆژهەڵاتی ئیسلامی کە جیاوازبون لە ڕەگەزی فارس وەک تورکەکان.

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036 گۆڤاری زانكۆی راپەرین Journal of University of Raparin

# The Political and Military Relationship Between Zaidi Princedom and Other Persian Princedoms During (250 - 316H / 928 – 864 A.D.)

## (Historical and Analytical Study)

**Marewan Abdulrazaq Salh**
Ardalan Basic School for Boys, Koya Director of Education, Minsitry of Education, Erbil, Kurdistan Region,Iraq.
**E-mail:** Marewan.shilay@gmail.com

**Kamaran Aziz Abdulla**
Deparment of History, Faculty of Education, Koya University, Koya, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** kamaran.aziz@koyauniversity.org

## Abstract:

The Princedom of Tahiri in Khorasan area during Abbasid caliphate followed a strict policy in front of the regions of Tabristan and Jurjan aiming to expand their ruling range in these areas supported by Abbasid caliphate. The Tahiris' were considered as protectors of regions of western Eslamic Area and were apposing the appearance of any movement against the Abbasid caliphate, but even with that the Shiite Princedom of Zaidi established outside the will of the caliphate and had a main role in the political and military events in the eastern Islamic area in which had relations and battles with the present Persian Sunni Princedoms which continued till the fall of the Zaidi Princedom in 316 Hijri 928 A.D. by the Samanis', as it was mentioned earlier in this research.

The nature of this study is divided in to three chapters in the first chapter we defined the Zaidi Princedom was defined as a Shiite Princedom in Tabristan area, And it had also shed some light on the political and military relationship between the Zaidi and Tahiri Princedoms. The second chapter is about the relation between the Zaidi and Safari Princedoms in term of politics and military in peace and war times.

In the third chapter a detailed analysis is given to relation between the Zaidiand Samani Princedoms which was hostile between the two of them because ofexpanding ambitions between both of them; also the difference of religion was apart of this struggle.

**Keywords:** Zaidi, Tahiri, Sapphri, Samani.

## پەراوێزەکان :

[(١)] عەلەوییەکان: ئەمانە گروپێکی شیعی مەزهەب بون، باوەڕیان وابو لە دوای کۆچی دوایی پێغەمبەر(د.خ)علی کوڕی طالب شایستەی جێنشینی بو، بەڵأم ئەم مافەی لێسەنراوە ئەم گروپەش شوێنکەوتەی ئەو بیرباوەڕەبون، بۆیە بەدرێژایی ماوەی فەرمانڕەوایی خیلافەتی ئومەوی و عەبباسی چەندین بزوتنەوەیان بەرپاکرد بۆ گەیشتن بە دەسەڵات (الشريف،١٩٦٠: ١٠٤-١٠٥-١٠٦؛ العفنى، ١٩٩٣، ٢٩٣-٢٩٤).

[(٢)]طبرستان: دەکەوێتە نێوان رەی و قومس و دەریای خەزەر (القزويني،١٨٤٨: ٢٧٠) ناوچەیەکی چیای سەختەو چەندین قەڵا لە خۆدەگرێت، شوێنی نیشتەجێبونی پاشاو دەسەڵاتدارەکان فارس بوە (اليعقوبى، د.ت : ٩١) لەشارە کانی ئەم ناوچەیە ئەمەل، ساریە،جرجان و شالوس،هەروەها بەناوی مازندەرانیش دێت، لە سەردەمی عوسمانی کوڕی عەفان لەلایەن سەعیدی کوڕی عاص ڕزگار کراوە (ياقوت الحموى، د.ت، ٤: ١٣).

[(٣)] کلار: شاریکە دەکەوێتە ناوچەی طبرستان لەرۆژهەڵات (ياقوت الحموى، د.ت، ٤: ٤٧٤)،ناوچەیەکی چیاییە (ابن الفقيهه،١٩٩٦: ٥٦٥)، هەروەها نەوەکانی ڕۆستەمی تێدا نیشتەجێ بون لە محمد و جعفر کە پاڵپشتی بون لە دامەزراندنی میرنشینی زیدی بە سەرۆکایەتی حسنی کوڕی زید(ياقوت الحموي، د.ت،٤: ٤٧٤).

[(٤)] شالوس : شاریکی ناوداری طبرستانە کەوتۆتە ناوچەیەکی چیایی (ابن الفقيه،١٩٩٦: ٥٦٥؛ياقوت الحموى، د.ت، ٣: ٣١١)، دوری نێوانی لەگەڵ ئەمەل بیست فەرسەخە(الحميرى،١٩٨٤: ٣٣٧).

[(٥)] رویان : شارێکی گەورەو فراوانی ناوچەی طبرستانە ( ابوفيداء، ١٨٤٠ : ٤٣٥ )، دوری نێوانی لە گەڵ جیلان دوانزە فەرسەخە (ياقوت الحموى، د.ت، ٣: ١٠٤)

[(٦)] امل : گەورەترین شاری طبرستانە، شوێنی نیشتەجێبونی ئەو والیانە بون کە فەرمانڕەوای ئەم ناوچەیان کردوە(ياقوت الحموى،١٩٧٧، ١: ٥٧؛ ابوفيداء،١٨٤٠ :٤٣٥)، دەکەوێتە سەر ڕوباری جەیحون( الادريسى،٢٠٠٢، ١: ٤٨١).

[(٧)] ساریە: شاریکی بەناوبانگی طبرستانە، لەسەرەتادا شوێنی نیشتەجێبونی ئەو والیانە بون کە فەرمانڕەوای ئەم ناوچەیان کردوە (ابن حوقل،١٩٩٢: ٣٢٣ ؛ ياقوت الحموى، د.ت، ٣: ١٧٠)، دوری نێوانی لەگەڵ امل هەژدە فەرسەخە (ابن الفقيه،١٩٩٦: ٥٦٥-٥٦٦؛ياقوت الحموى،١٩٧٧، ١: ٥٧).

[(٨)] ڕفعی کوڕی هەرسەمە: سەرکردەیەکي سەربازی بەتوانابو، بەنوێنەرایەتی محەمەدی کوڕی تاهیر لە ساڵی (٢٧١ک/٨٨٤ز)کرا بە والی خوراسان، لەساڵی(٢٧٧ک/٨٩٠ز) دەستی بە سەر تەبەرستان دا گرت، لە سەردەمی خەلیفە موعتەزەد لابرا لە پۆستەکەی، بەڵام نارەزایی دەربری و گوێڕایەڵی بۆ عەلەوییەکان ڕاگەیاند و توانی دەست بە سەر نیسابور دابگرێت بە ناوی ئەوان وتاری تێدا خوێندەوە، پاشان لەلایەن عەمری کوڕی لەیس کوژراو (إبن الكازروني،١٩٨٦،٣: ١٣).

[(٩)] ماوراءالنهر: بەناوچەکانی ئەوبەری ڕوباری جیحون دەگوترێت، لەسەردەمی فەرمانڕەوایی موسڵمانان لە ناوچەکەدا ئەم ناوەی لینراوە، سنوری بەسەر ناوچەکانی خراسان، خوارزم، فرغانە و صغد کە زۆربەی دانیشتوانی تورکە(ياقوت الحموى،١٩٧٧، ٥: ٤٥-٤٦).

[(١٠)] محمدی کوری هارون: سەرلەشکری سوپای سامانی بو لەسەردەمی فەرمانڕەوایی إسماعیلی کوری احمد،توانی دەست بەسەر طبرستان دابگرێت، بەڵام بەهۆی حەز و ئارەزوی بۆ دەسەڵاتداریەتی لە سامانیەکان هەڵگەڕایەوە لایەنگری خۆی بۆ زیدییەکان دەربری وچەندین هێرشی کردە سەر ناوچەکانی ژیردەسەڵاتی سامانی

تاکو لە ساڵی(٢٩٠ک/٩٠٢ز) لەلایەن سامانیەکانەوە دەستگیرکرا و کۆتایی بەدەسەڵاتی هێنرا(ابن الاثير،١٩٨٧، ٦: ٤١٢، ٤٢٠؛ اشتيانى،١٩٨٩: ٢٤- ٢٥).

(١١) أسفاري كوري شيرويه: سەركردەیەكی سەربازی توند و تیژو ستەم كاری زەیدی بو، بەهۆی كێشە وململانێ لەسەردەسەڵات لەزیدیەكان هەڵگەڕایەوە و لایەنگری خۆی بۆ سامانیەكان ڕاگەیاند، ئەوانیش هاوكاریان كرد لە دەست بەسەر داگرتنی طبرستان، بەڵام بەهۆی هەڵسوكەوتی نەشیاوتوند و تیژی لەبەرامبەر خەڵك لەلایەن لایەنگرانی خۆی لە ساڵی(٣١٦ك/٩٢٨ز) كوژرا (إبن الاثير،١٩٨٧،٧: ٣٥، ٤٣، ٤٥– ٤٦).

(١٢)مرداویج زیاری: یەكی بو لەسەركرە سەربازیەكانی دیلم، بەهاوكاری أسفاری كوڕی شیرویە كرد بۆ دەست بەسەر داگرتنی ناوچەكانی میرنشینی زیدی، بەهۆی ویستی دەسەڵاتداریەتی بەیارمەتی ماكانی كوری كالی لە ساڵی(٣١٦ك /٩٢٨ز)توانیان بیكوژن، بەڵام بەهۆی ئەو ستەم و ناداپەروەرییەی بەرامبەر توركەكان بەكاریهێنا، لە ساڵی(٣٢٣ك/٩٣٤ز) بەدەستی ئەوان كوژرا(إبن الاثير،١٩٨٧، ٧: ٤٧، ١٠٨–١٠٩– ١١٠؛ إبن كثير،١٩٩١، ١١: ١٨٢).

## سەرچاوەكان:


إبن الاثير، علي بن ابي الكرم محمد بن محمد بن عبدالكريم بن عبدالواحد الشيباني (١٩٨٧) الكامل في التأريخ،راجعهوصححه : د.محمد يوسف الدقاق، دار الكتب العلمية، بيروت.

الأدريسى، محمد بن محمد بن عبدالله (٢٠٠٢) نزهة المشتاق في إختراق الافاق، مكتبة الثقافة الدينية، بور سعيد.

إبن تغري بردي، جمال الدين أبي المحاسن يوسف بن تغري بردي الاتابكي (د.ت) النجوم الزاهرة في ملوك مصر والقاهرة،وزارة الثقافة والارشاد القومي الؤسسةالمصرية العامة للتأليف والترجمةوالطباعة والنشر، مصر.

إبن الجوزى، عبدالرحمان بن على بن محمد (١٩٩٢) المنتظم في تأريخ الملوك وألأمم،،تحقيق : محمد **عبد**القادرعطا و مصطفى عبدالقادر عطا، دار الكتب العلمية، بيروت.

الحميري، محمد بن عبداللة بن عبدالمنعم (١٩٨٤) الروضةالمعطار في خبرالاقطار،تحقيق : احسان عباس،مكتبة البنان، بيرت.

إبن حوقل،أبو قاسم محمد النصيبي (١٩٩٢) كتاب صورة الارض، دارمكتبة الحياة، بيروت.

إبن خلدون، عبدالرحمان بن محمد بن محمد بن الحسن بن جابر بن محمد بن ابراهيم بن عبدالرحمان بن خالد (٢٠٠٠) تأريخ ابن خلدون المسمى ديوان المبتدأ والخبر في تأريخ العرب والبربر من عاصرهم من ذوي الشأن الأكبر،ضبط المتن و وضع الحواشي والفهارس،خليل شحادة،مراجعة: د.سهيل زكار، دارالفكر، بيروت.

الخوارزمي، مظهرالدين ابن ارسلان (٢٠١٠) من تأريخ خوارزم،تحقيق : د.محمود محمد خلف، دار الكتب العلمية، بيروت.

الدواداري، ابوبكربن عبدالله بن ايبك صاحب صرخد (١٩٨٢) تأريخ كنز الدرر وجامع الغرر،الدرةالسنية في أخبار الدولة العباسية، تحقيق: بيرند راتكه و إدوارد بدين ولاخرون،عيسى البابي الحلبي، د.م.

الذهبي، محمد بن أحمد بن عثمان (١٩٩٢) تأريخ الأسلام،تحقيق : د.عمر عبدالسلام تدمري، دار الكتاب العرب، بيروت.

الاصفهاني، علي بن الحسين بن محمد بن احمد بن الهيثم المرواني (١٩٤٩) مقاتل الطالبين،تحقيق : السيد أحمد صقر، دار أحياء الكتب العربية،القاهرة.

الاصفهاني، علي بن الحسين بن محمد بن أحمد (١٩٥٩) كتاب ألأغاني،تحقيق : عبدالسلام محمد هارون، دار الكتب المصرية، القاهرة.

الطبري، محمد بن جرير (١٩٧٩) تأريخ الرسل والملوك،تحقيق: محمد أبوفضل إبراهيم، دار المعارف، القاهرة.

العمري، شهاب الدين إبن فضل الله العمري (٢٠١٠) مساللك الأبصار في ممالك الأمصار، تحقيق: كامل سلمان الجبوري، دار الكتب العلمية، بيروت.

إبن الفقيه، أحمد بن محمد بن إسحاق الهمدانى (١٩٩٦) كتاب البلدان، تحقيق: يوسف الهاوى، عالم الكتب، بيروت.

أبو فيداء، عماد الدين (د.ت) كتاب المختصر في أخبار البشر، بالمطبعة الحسينية المصرية، مصر.

ابوفيداء، عماد الدين اسماعيل بن محمد بن عمر( ١٨٤٠) تقويم البلدان،تصحيح: بارون ماك كوكن ديسلان، دار الصادر، بيروت.

القزويني، زكريا بن محمد بن محمود (١٨٤٨) أثارالبلاد وأخبار العباد، د.م.

إبن كثير، عمادالدين أبو فيداء إسماعيل بن عمر (١٩٩٠) البداية والنهاية،مكتبة العارف، بيروت.

إبن الكازروني، ظهرالدين علي بن محمد البغدادي(١٩٧٠) مختصر التأريخ من أول الزمان الى منتهى دولة بني العباس،تحقيق: د.مصطفى جواد،المؤسسة العامة للصحافة والطباعةمطبعة الحكومية، بغداد.

المسعودي، أبي الحسن علي بن الحسين (٢٠٠٥) مروج الذهب ومعادن الجوهر، مراجعة : كمال حسن مرعي، المكتبة العصرية، صيدا.

مسكويه، أحمد بن محمد بن ياعقوب (٢٠٠٣) تجارب الأمم وتعاقب الهمم، تحقيق : السيد كسروى حسن، دارالكتب العلمية، بيروت.

إبن النديم، محمد بن اسحاق بن محمد بن اسحاق (د.ت) كتاب الفهرست، دار اخبار التراث العربي، بيروت.

النويري، شهاب الدين احمد بن عبدالوهاب (د.ت) نهاية الأرب في فنون الادب، تحقيق: عبدالمجيد ترحيني، دار الكتب العلمية، بيروت

إبن الوردي، عمر بن مظفر (١٩٦٩) تأريخ إبن الوردي، الطبع الثاني، المطبعة الحيدرية، النجف.

اليافعي، عبدالله بن اسعد بن علي بن سليمان (١٩٩٧) مرأة الجنان وعبرة اليقظان في معرفة ما يعتبر من حوادث الزمان، دار الكتب العلمية، بيروت.

ياقوت الحموي، شهاب الدين ابي عبدالله ياقوت بن عبدالله(١٩٧٧) معجم البلدان،الجزءالاول، دار الصادر، بيروت.

ياقوت الحموي، شهاب الدين ابي عبدالله ياقوت بن عبدالله(د.ت) معجم البلدان،الجزءالرابع، دار الصادر، بيروت.

اليعقوبي، أحمد بن ابي يعقوب بن جعفر بن وهب (١٨٨٣) تأريخ يعقوبي، ليدن، بريل.

أسفنديار، بهاالدين محمد بن حسن (٢٠٠٢) تأريخ طبرستان،ترجمة: أحمد محمد نادي،مجلس الاعلى للثقافة، القاهرة. الأصفهانى،حمزه بن الحسن (د.ت) تأريخ سني ملوك الارض والأنبياء،منشورات دار مكتبة الحياة، بيروت.

الأملي، أولياء الله(١٣٨٩) تأريخ رويان، مؤسسة الثقافة الايرانية، طهران.

الجوزجاني، أبى عمر منهاج الدين عثمان (٢٠١٣) طبقات ناصرى،ترجمة: عفاف السيد زيدان، المركز القومي للترجمة،القاهرة.

الجويني، علاء الدين عطاء ملك بن بهاء الدين محمد بن محمد (١٤٢٧) تأريخ جهانگشاي،الطبع الثالث، دنيا الكتاب،طهران.

شبانكارئى، محمد بن على بن محمد (١٤٢٣) مجمع الأنساب، أميركبير، طهران.

الكرديزي، عبدالحي ابن الضحاك بن محمود (٢٠٠٦) زين الاخبار،ترجمة : عفاف السيد زيدان،مجلس الاعلى للثقافة، القاهرة.

مجهول، (٢٠٠٦) تاريخ سجستان، ترجمة: محمود عبدالكريم علي،المجلس الاعلى للثقافة، القاهرة.

المستوفي، حمد الله القزوينى(١٤٠٦) تأريخ گزيده،الطبع الثاني،أمير كبير،طهران.

بارتولد، ڤاسيلى ڤلاديميروڤتش (١٩٨١) تركستان من الفتح العربى الى الغزو المغولى، ترجمه: صلاح الدين عثمان هاشم،قسم التراث العربي بالمجلس الوطني للثقافةو الفنون والادب،الكويت.

بول، ستانلي لين (١٩٢٧) الدولة الاسلامية،ترجمة: محمد صبحي فرزات، د.ن،استانبول.

منيمنة، د. حسن (١٩٨٧) تأريخ الدولة البويهيةالسياسيةوالاقتصادية والاجتماعيةوالثقافية- مقاطعة فارس ٣٣٤- ٤٤٧ك/ ٩٤٥- ١٠٥٥م،الدار الجامعة، بيروت.

بول،ستانلي لين (١٩٦٨) طبقات سلاطين الاسلام،ترجمة : مكي تاهير الكعبي، دار المنشورات البصري، بغداد.

بيرنيا، حسن، إقبال عباس(١٤٢٢) تأريخ إيران أز أغاز تا أنقراز سلسله قاجاريه،الطبعةالتاسع،الخيام،طهران.

التميمي، حيدرقاسم (٢٠١٠) العلويون في المشرق العربي، دار النهضةالعربية، بيروت.

الجاف. حسن كريم (٢٠٠٨) موسوعة تأريخ ايران السياسي - من تأريخ الاسطوري حتى نهاية الدولة التاهيرية، دار العربية للموسوعات، بيروت.

الجاف، حسن كريم (٢٠٠٨)من قيام الدولة الصفارية الى القيام الدولة الصفوية، دار العربية للموسوعات، بيروت.

الخضري بيك، محمد (٢٠٠٣) محاضرات في تأريخ الامم الاسلامية،الدولة العباسية، مؤسسةالمختار، القاهرة.

خلف، محمود محمد (٢٠١٤)بلاد ماوراء النهر في العصر العباسي،الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهر.

خليفة، حسن (د.ت) الدولة العباسية قيامها و سقوطها، مطبعةالحديثة، القاهرة.

الراوندي، مرتضى (١٤٢٤) تأريخ اصفهان إيران، الطبعة الثاني، منشورات نگاه، طهران.

رمضان، مصطفى أحمد (د.ت) تأريخ الحركات الانفصاليةفي العالم الاسلامي،منتدى سور الازبكية، د.م.

الزركلى، خيرالدين(١٩٨٦)الاعلام قاموس تراجم الاشهرالرجال والنساء من العرب والمستعربين والمستشرقين،الطبعةالسابعة، دارالعلم للملايين، بيروت.

زيدان، جرجي (٢٠١٢)تأريخ التمدن الاسلامي، مؤسسة هنداوي، القاهرة.

السامرائي، فراس سليم الحسنى (٢٠١٥) تأريخ الامارات الاسلامية بالمشرق الاسلامي، دار الرضوان للنشر والتوزيع، عمان.

سعد، سالم جبران(٢٠٠٨- ٢٠٠٩)الاسرة التاهيرية ودورها في تأريخ الخلافة العباسية(١٩٤-٢٨٩ك/ ٨٠٩-٩٠١)، رسالة ماجستير، كلية الاداب والدراسات العليا، جامعة الفاتح، طرابلس.

شاكر، محمود (٢٠٠٠) التأريخ الاسلامي الدولة العباسية،المكتب الاسلامي، بيروت.

الشريف، منير(١٩٦٠) المسلمون العلويون منهم ؟ وأين هم ؟،الطبعة الثانية، المطبعة العمومية، ديمشق.

الطائي، سعاد هادي حسن (٢٠١٧) طخارستان دراسة في احوالها السياسية والعلمية(١٣٢- ٦٥٦ك/ ٧٤٩-١٢٥٨م)، دار و مكتبةقناديل للنشر والتوزيع، بغداد.

طقوش، محمد سهيل (٢٠٠٩) تأريخ الدولة العباسية، الطبع السابع، دار النفائس، بيروت.

عدوان، أحمد محمد (١٩٩٠) موجز في تأريخ دويلات المشرق الاسلامي، دار عالم الكتب، الرياض.

العفنى، عبدالمنعم(١٩٩٣) موسوعة الفرق والجماعات والمذاهب الاسلامية، دارالرسالة، بيروت.

علي، وفاءمحمد (١٩٨٩) صفحات في تأريخ العباسين، دار الفكرالعربي، القاهرة.

عمر و النقيب، د. فاروق، د. مرتضى حسن (١٩٨٩) تأريخ ايران دراسة في التاريخ السياسي لبلاد فارس خلال العصور الاسلامية الوسيطية ٦٤١-٩٠٦ك/١٢٤٣-١٥٠٠م، بيت الحكمة، بغداد.

الفقى، عصام الدين عبدالرؤف (١٩٩٩) الدولة المستقلة في المشرق الاسلامي منذو مستهل العصر العباسي حتى الغزو المغولي، دراسةالدولةاسيا الصغرى(الكومنولث الجديد)في عصورها الاسلامية المزدهرة، دار الفكر العربي، القاهرة.

ماديلونغ، ڤيلفورد (١٩٨٧) أخبار أئمةالزيدية في طبرستان وديلمان و جيلان،فرانتس شتاينر بڤيسبادن، بيروت.

محمود الشريف، د.حسن أحمد، د.أحمد إبراهيم (د.ت) العالم الاسلامي في العصر العباسي،الطبع الخامس، دارالقكر العربي،القاهرة.

يوسف،. فرج الله احمد(٢٠٠٦)نقود الخارجين على الخلافة العباسية في شرق العالم الاسلامي،زهاء الشرق، القاهرة.

أشتيانى، عباس اقبال (١٩٨٩) تأريخ إيران بعد الاسلام من بداية الدولة التاهيرية حتى نهاى الدولة القاجارية 205H/ 820 A.D - 1343H/1925 A.D ، ترجمة : د.محمد علاءالدين منصور، دار الثقافة، القاهرة.

السيستاني، حسين بن الملك غياث الدين محمد بن الملك محمود (١٤٢٥) أحياء الملوك، تأريخ سيستان حتى العصر الصفوي،الطبع الثاني،المشورات العلمية والثقافية، طهران.